

# چەکوش وەشێنی ڕۆڵە کوژراو

سواره ئیلخانیزاده

سواره ئیلخانیزاده ئەم داستانەی لە زستانی ساڵی ١٣٤٨هـ. (١٩٧٠ز.)دا بۆ ڕادیۆ نووسیوە، و لە ڕۆژەکانی ١ تا ٦ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٤٩هـ. (٢١ تا ٢٦ی مانگی ٣ی ١٩٧٠ز.) لە ڕادیۆی کوردیی کرماشان بڵاوکراوەتەوە.

## بەشی یەک

هۆزی کورد قارەمانی زۆری داوە بە مێژووی دونیا، وەکو: زەردەشت، کاوە، سەڵاحەدینی ئەیوبی و بابەکی دین، ئەم داستانەم لە بابەت کاوەی ئاسنگەرەوە: وڵاتی ئێران شەوە زەنگە، داگیرکەری بێ بەزەیی کە وەک سێبەری شەیتان بەسەر هەموو وڵاتا مەینەتی کێشابوو، کۆمەڵ کرو‌کەپ و بێ دەنگ ملیدانواندبوو بۆ زۆر و ستەم، بەڵان نا... گەل تەسلیم نەبووە چاوەڕێیە، چاوەڕوانی دەستێکی ئاڵا هەڵگر لەم حاڵانە گەلی ئێران وەک ئاوی سەر ئاور ئەجۆشێ، بەڵام هەڵنەچووە، چاوەڕوانی هەڵچوونە، چاوەڕوانی دەرفەتە. باپێکەوە سەرێک لە بارەگای ئەژدیهاکە بدەین.

-من ئەژدیهاکم بەهێزترین پیاوی سەر زەوی، خاوەنی تەیارترین سپاە و خاوەنی خوێن و ماڵ و ژیانی هەموو خەڵکی ئێران، من ئەمانەم هەموو هەیە، تەنیا شتێک کە نیمە دڵە، دڵ، من هەرگیز .نازانم بەزەیی چییە؟

تەنانەت باوکیشم هەر بەدەستی خۆم کوژرا بە خەنجەر زگیم هەڵدڕی، ... بێ دەنگ بن، بێ دەنگ بن، ئەزانن بۆچ باوکم کوشت؟ چونکە خەریک بوو ئامۆژگاری ئەکردم، لە ڕقی خودا ئەی ترساندم، من لە هیچ شتێک نەترسام، و خۆشیم لە چارەی کەسێک نایە کە ئامۆژگاریم بکا... تێ گەیشتن چم گوت!؟

-بەڵێ- ...بەڵێ:

-نا... تێ نەگەیشتوون ئەگەر بتان زانیایە چی ئەڵێم هەرگیز ئەو کارە خراپانە کە لە کەناری کۆشکی منا بە شەودا ڕوو ئەدا. هەڵنەئەکەوت! دوێ شەو نیگابانی تایبەتی من کوژراوە - ئاخ چەندەم ڕق لە کوردۆکانەیە. شەرتم کردووە خوێنی هەموویان لە تەشت کەم، کوردۆک یانی سەر بەزێوی...

-ها تیرم تێ ئەگرن!؟ کێ بوو...؟

کوانی نیگاهبان...؟ دەرکی حەوشی کۆشک ببەستە مەهێڵە کەس لێرە بچێتە دەرەوە...

بۆ هەمووتان باشە ئەمە بزانن کە ئێوە گەورەیانی وڵات، ئەگەر تا سەعاتێکی تر بۆم دەرنەخەن کێ ئەم تیرەی گرتە من، هەمووتان لەسەر بۆرجێیەوە بەر دەدەمە خوارەوە - ئیتر من ئەڕۆم خۆتان بیری لێ بکەنەوە...

-بەڵێ بەسەرچاو

-بەڵێ بەڵێ بەسەرچاوان...

-هەموو تاوانی ئەو کوردۆکانەیە. هەمووومان بە کوژ ئەدا ئەیانەوێ لەگەڵ ئەژدیهاکە بمانکەنە دوژمن.

-وام پێ باشە فەرازی کوڕی کاوە بدەینە دەس ئەژدیهاکەوە. گیانی خۆمان لێ ڕزگار بکەین.

-بەڵێ وایە

-بەڵێ ناچارین وابکەین

***

-تۆ... کوردۆکی لەعنەتی ئاخر لەبەر چی خەریک بووی بمکوژی...؟

-چونکە داگیرکەری، خوێن مژی، بەداخەوەم کە تیرەکەم نەپێکای، ئەمەش نەهاتێکی ترە، سوێند بە ئەهۆڕاموزدا هەتا ئەوڕۆ هەرگیز تیرم هەڵەی نەکردووە...

-جەلاد... جەلاد...وەرە لە گەردەنی دە...

بەڵام نا - بەم جۆرە زوو گیانت دەرنەچێ، تۆ ئەبێ بەو ئێش و دەردە بمری... ئەهای جەلاد هەر ڕۆژێ کەمێک گۆشتی لەشی لێبکەوە، جێی برینەکەشی خوێی پێوە بکە. تا گیانی دەرئەچێ.

لە مەیدانی شارا برسی و تینوو بیبەستنەوە.

-من لە مردن باکم نییە سەگی چەپەڵ، دڵنیا بە گیانت بەرەو جەهەننەم بە زوویی بەڕێ ئەکرێ. داگیرکەری چەپەڵی ترسنۆک.

-لێیدە جەلاد بیکوژە... لێیدە یاڵڵا ... تۆ...

-ئاخ... ئاخ

-ئاخ... ئاخ ئەورامزدا...**!؟**... خۆت وڵاتەکەم بپارێزە... ئاخ: ئەی میهری گەورە... ئەی پارێزەری هۆزی ئاریا دڵی براکانم پڕکە لە تووڕەیی و تۆڵە... ئاخ

-فەراز، کوڕم ڕۆڵەی بەشەرەفم چۆنی**!؟**

-درووود بۆ کاوەی مەزن

-یەواشتر قسەبکە کوڕم یەواشتر

فەرازی کوڕت ماوە... ئاخ بەڵام ڕەنگە دوا هەناسەی بێ، زۆر تینوە بابە... دەخنکێم سەراسەری لەشم... ئاخ - برینە، کاتێ خۆرەتاو ئەکەوێتە سەر زامەکانم... ئاخ ئاواتی مەرگ ئەخوازم کاوەی مەزن.

-نا... نا ڕۆڵەی شیرینم نا... تۆ نابێ بمری، تۆ ئەبێ بژی هێشتا کارمان زۆر ماوە، من هاتووم ڕزگارت کەم.

-بابە گیان... کاری من لەوە تێپەڕیوە.

-ها بگرە... کەمێک ئاو بخۆوە، با هێزت بێتەوە بەر خۆت،

-ها... ئاخیش... ئاه... من خۆم بەسەر پێوە ناگرم، دەمارم خوێنی تێدا نەماوە، ئەگەر تۆش لە کۆڵم کەی نیگەبانەکان ئەمان بینن و دەرناچین. ها... نا... نا بەداخەوە کوڕم بێهێزی چاوی بێ نوور کردووی، دەنا ئەبوو بزانی ئەو نیگابانە باڵابەرزە کێیە**!؟** ... جارێ با دەست و پێت بکەمەوە کوڕم...

-یانی... نیگابانەکەتان کوشتووە**!؟**

-بەڵێ... بەڵێ کوڕم.

-ئاخ...

-بەڵێ کوڕم خوێن داری ئازاری ئاو دەدا... با یارمەتیت بدەم... ها... دەستت بخە سەرشانم... ئەها زۆرچاکە... های کاردۆ... وەرە، وەرە تۆش یارمەتیمان بدە...

-سەلام فەراز...

-ها... کاردۆ ئەوە تویی!؟... درووود کاردۆ درووود...

-ها ... پەلەکەن کوڕم ئەگونجێ لە نیوەشەوا نیگابانێکی بنێرن... خێراکەن...

-من فەراز لە کۆڵ دەکەم تۆش لە پێشەوە وریابە بابە گیان.

-زۆر باشە. زۆر باشە... دەی جا با بڕۆین...

***

-هەمووتان بێ عورزە و بێکارەن، نەتان توانی ئاگاتان لە لاوێکی دیلی بریندار بێ، لە دەست هەمووتان ڕای کرد، ئێوە ئەبێ بمرن.

-باشترین هەلە، ئێستا ئیتر ئەتوانم بەسەریا زاڵ بم، ئەبێ زیاتر تووڕەی کەم، من شەیتانم ئاگام لە هەموو شت هەیە، بابچمە لای...

-هەمووتان ئەدەمە دەست جەللاد، ئێوە بە کەڵکی هیچ شتێک نایەن.

-گەورەم، سەروەری شایانی سەرزەوی- غوڵامت ئەزانێ کێ یارمەتی فەرازی دا و و ڕزگاری کردووە.

-کێی ئەی پیرەپیاو!؟

-بڕوانە ئەو چاوانە ئەڵێی پۆڵووی ئاگرە

من سام دایگرتووم... من یەکێکم لە نۆکەرانی ئەژدیهاک فەرمانڕەوای مەزن.

-بڵێ بزانم ئەتەوێ چی بڵێی!؟

-قوربان فەرمان بدە ئەم خەڵکە بچنە دەرەوە بە تەنیا عەرزت دەکەم.

-تق - تق - هەمووتان بڕۆنە دەرەوە.

-بەڵێ قوربان... بەڵێ بەسەر چاوان.

-ها... بڵێ بزانم تۆ کێی و و چ هەواڵێکت هەیە...

-ها... ها...ها... من شەیتانم ئەژدیهاک هاتووم بۆ یارمەتی تۆ بەڵام بە مەرجێ.

-شەیتان؟... بڵێ بزانم مەرجەکەت چییە؟

-ئەبێ ببیتە بەندەی من، هەرگیز لە فەرمانی من دەرنەچیت! ها...ها

-یانی ئەبێ چی بکەم.

-ئەزانی کە من هەموو کارێکم لەدەست دێ.

-بەڵێ ئەزانم تۆ خاوەنی تاریکی و خراپەی.

-ئافەرین بەندەی من، ئافەرین... ئەزانی ئەبێ چی بکەی!؟ ئەبێ بکوژی، بێ تاوان و تاوانبار. ئەبێ دژی ژیان و خۆشی و بەختیاری بەرەیب بەشەر بی، ڕووت لەهەر لایەک کرد ئەبێ گیانلەبەری تێدا نەهێڵی، ئاوابییان چۆل کەی، پیاوەتی و چاکە لە بەین بەری.

-لەبەرامبەر ئەوە ئەتۆ چ یارمەتییەکت بۆ من لەدەست دێ!؟

-ها...ها...ها... من دەسەڵاتت ئەدەمێ بەهێزت ئەکەم، تەمەنت درێژ ئەکەم

-ئەبێ بەسەر دوژمنەکانمدا زاڵم کەی.

-ئەمە ئیتر شەڕە لە نێوان من و ئەهورامەزدا، تۆ بەندەی منی و دوژمنەکانت بەندەی ئەون، هیوادارم کە ئێمە سەرکەوین.

-تۆ نابێ بەجێم بهێڵی.

-ها...نا...نا ئەژدیهاک... نا...من لەسەر ڕواڵەتی نۆکەرێکی تایبەت هەمیشە لەلات ئەبم، وریا بە هەرگیز نابێ بەزەیت بە دڵتا بێ هەرگیزاوهەرگیز.

-بەسەرچاو... بەسەرچاو فەرمانبەردارم.

-ها...ها...ها...
***

-هاونشتیيمانی بەڕێز، ڕۆڵەی بەشەڕەفی ئاریا ئەزانن کەساڵەهایە وڵاتی ئێمە داگیرکراوە، بێگانە بەسەرمانا زاڵ بووە، ساڵەهایە کە ئێمە بزەیەک نەهاتۆتە سەر لێومان، هەمیشە ترساوین دەستە دەستە براوینە بەر تیغی سەربڕو خوێنی ئاڵی لاوەکانمان ڕژاوە، ئایا کاتی ئەمە نەهاتووە خۆمان لە ژێر دەسەڵاتی ئەهریمەن ڕزگارکەین!؟ براکانم مردن ئەوە نییە کە گیان لە لەش بچێتەدەر، ئەوە مردنە کە هەستی پیاوەتی و تۆڵە نەمێنێ، ئێمە ئەگەر مل بۆ زۆردار دانەوێنین مردووین ژیانی بێ سەربەستی وەک لەشی بێ گیان وایە.

-من... من بەرنە لای کاوە کارم پێیەتی من بەرنە لای کاوە...

-ها... لێی گەڕێن لێی گەڕێن با بێ بزانم کاری چییە؟... ها بڵێ بزانم کارت چییە... هۆ بە بەرگەکەتا دیارە تۆ

کەنیزی کۆشکی ئەژدیهاکی...؟ وایە؟

-بەڵێ، من ناوم ڕامهۆیە، کارگەری کۆشکی ئەژدیهاکم، هەواڵێکم بۆتۆ هێناوە.

-تۆ لە کوێ من ئەناسی؟ وە چۆنت زانی من لێرەم...؟

-لە کاردۆی کوڕی تۆم بیست کە ئێوە لێرە کۆبوونەتەوە.

-کاردۆ... ئەهای کاردۆ...؟

-من لێرەم بابە، فەرمایشێکت هەبوو!؟

-تۆ ئەم ئافرەتە ئەناسی!؟

-ڕامهۆ...؟ ئۆ تۆ بۆچ هاتوویە ئێرە!؟ بەڵێ بابە ئەیناسم.

-کوڕم جارێکی تر هەڵەی وا نەکەی، نابێ کەس بەم، کۆڕە نهێنییانە کە ئێمە ئەیبەستین بزانێ.

-من ئاریایەکی خوێن پاکم، ڕاستە کە لە کۆشکی ئەژدیهاکدا کار ئەکەم، بەڵام هەرگیز براکانی خۆم لەبیرناچێتەوە، و ئێستاش هەواڵێکی خۆشم بۆ هێناون.

-کاردۆ قسەی ئەم کچە جێی بڕوایە؟

-بەڵێ بابە، لام وانییە خەیاڵێکی خراپی هەبێ.

-باشە بڵێ بزانم هەواڵەکەی چییە کچم؟

-ئەژدیهاک یەکجار زۆر نەخۆشە، باوەڕ ناکەم بژیت.

-ها... زۆر باش بوو... چاکە... زۆر چاکە...

-تکایە بێ دەنگ بن. تکایە بێ دەنگ بن، گوێ بگرن مردنی دوژمن هەواڵێکی خۆشە، بەڵام بۆ ئێمە سوودێکی نییە، ئێمە کە خۆشمان مردووین هەستی تۆڵەمان تێدا نەماوە، ئەگەر ئەژدیهاکیش نەمێنێ مل بۆ زۆردارێکی دیکە دادەنوێنین دوژمنی ئێمە لەناو هەناوی خۆماندا ئەژی دوژمنی ئێمە ترس و خۆ پارێزییە، ئەبێ هەوڵ بدەین لە پێشدا دوژمنی ناو دڵی خۆمان بکوژین هەروەک میهر خودای نورو ڕشنگی لەگەڵ تاریکی شەڕیانە، ئێمەش ئەبێ لەگەڵ زۆردار و داگیرکاری بەرەنگار بین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا مەرگی ئەژدیهاک دەرفەتێکە، تکایە هەموو بڵاوەی بکەن، هەرکەس بچێتەوە سەر ئیش و کاری خۆی، وریای دەوروبەرتان بن.

***

-قوربان! پزیشکێ هاتووە ئەڵێ ئەتوانم نەخۆشی ئەژدیهاکی مەزن چاک بکەمەوە... چی ئەفەرمووی!؟

-وادیارە هەواڵی نییە کە هەتا ئێستا چەند هەزار کەس هاتوون و منیان پێ تیمار نەکراوە و هەموویانم کوشتووە؟

-بۆچی گەورەم، هەموو ئەمانەم پێی گووت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕازی بووە.

-باشە بڵێ بانگی کەنە ناو کۆشکەوە، وا دیارە لە ژیان تێر بووە.

-بەسەرچاو قوربان...

-سەلام لە فەرمانڕەوای مەزن ئەژدیهاک خاوەنی دەسەڵات و شکۆ!

-ها... تۆ ئەو پزیشکەی کە هاتووی چارەی دەردی من بکەی؟

-بەڵێ گەورەم بەڵێ.

-ئەزانی ئەگەر سەرنەکەوی چ چارەنووسێک دێتە ڕێت؟

-هەموو شتێکم بیستووە قوربان.

-باشە هەرچی ئەیکەی بیکە.

-ئەبێ بەتەنیا چاوم پێت بکەوێ قوربان دەستوور بفەرموون وەزیر بچێتە دەرەوە!

-ئاشام!؟

بەڵێ قوربان!

-بڕۆ دەرەوە.

-بەسەرچاو...

-خێراکە دەست پێ بکە، من حەوسەڵەی درۆ و دەلەسەم نییە.

-سەرت هەڵێنە ئەژدیهاک، سەرت هەڵێنە بزانە من کێم!؟

-ها... شەیتان فەرمانڕەوای من! لە مێژە دیار نیت، من چاوەڕوانی هاتنت بووم.

-من ئەو نەخۆشییەم بۆ ناردووی، تۆ بە دڵی من ناجوڵێیتەوە، دیسانیش ژیان هەر ماوە کاری باش هەر هەیە، وادیارە لایەنگرانی ئاورامزدا لە تۆ بەهێزترن، تۆ خەریکی شکست ئەخۆی، ئەم مەبەستە ئەزانی یانی چی ئەژدیهاک؟ یانی شکانی من، ئەگەر تۆ شکست بخۆی من شکست ئەخۆم.

-من لە خزمەت کردن بە شەیتانی مەزن خوای خراپە کۆتایم نەکردووە، بەڵام گەورەم من بەتەنیام، ئەوان گەلێکن، تۆش ماوەیەکە لێم بێ خەبەری.

-ها...ها...ها... نا...نا... ئەژدیهاک شەیتان بەندەکانی خۆی هەرگیز لەبیر ناکا، من لە دڵی تۆدا ئەژیم، دڵی تۆ تەنیا سەنگەرێکە کە لەوا من خوام شکست داوە، دە دڵی تۆدا فەرمان فەرمانی شەوە زەنگ و کینە و خوێن ڕشتنە، یانی فەرمانی من ئەژدیهاک، تێئەگەی چی ئەڵێم؟

-بەڵێ گەورەم تێ ئەگەم، بەڵام ئەم نەخۆشییە تەنگی پێ هەڵچنیوم.

-ها... هـ... ها... هەستە ئەژدیهاک هەستە لە جێ و بانەکەت ڕاستەوەبە، تۆ نەخۆش نی ، هەستە.

-هـ... ئاه... خۆ من باش بوومەوە، ئیتر ئەندامی لەشم نایەشێ، سپاس بۆ شەیتانی گەورە.

-من ئەچمە دەرەوە، بە ڕواڵەتێکی تر دێمەوە لات، ئەبمە خزمەتکارێکی کۆشک، بەڵام دیسانەوە ئەیخەمەوە بیرت، تۆ بەندەی منی نابێ ڕاسپێری خۆت لەبیرکەی، کوشتار، تاڵان، ئاگر تێ بەردان، وێران کردن، دڵڕەقی، چەپەڵی ئەمانەن ڕاسپێری تۆ.

-فەرمانت لەسەر سەرم.

-چاوت بنێ سەریەک، من ئەڕۆم پاشان تۆش هەستە و بچۆ بەشوێن کارەکانتدا.

...-ئاه- لەبەر چاوم گوم بوو، دەرک و پەنجەرەی کۆشک بەستران، بەکوێدا ڕۆیشت، من هیچ نەخۆشیم نەماوە، باشترە ئەم ڕاستەقینەیە بە خەڵک ڕاگەیەنم، با دوژمنانی من لەم هەلە کەڵک وەرنەگرن... ئەهای ئاشام... ئاشام؟

-بەڵێ قوربان بەڵێ.

-وەرە، وەرە.

-بەسەرچاو قوربان، بەڵێ.

-ئەبینیت کە من چاک بوومەتەوە، هەستە بڕۆ ئەم هەواڵە بدە بە خەڵک

-زۆر خۆشحاڵم قوربان... بەڵام... بەڵام... بەڵام کابرای پزیشک!؟

-لەم باسە مەکۆڵەوە ئاشام ... بڕۆ.

-بەسەرچاو، هەر ئێستا ئەڕۆم ئەم موژدە گەورەیە بە هەموو کەس ڕائەگەیەنم، هەر ئێستا ئەڕۆم قوربان.
***

-زووتر... بڕۆ زووتر.

-سەلام لە ئاشام وەزیری بەڕێز.

-سەلام ڕامهۆ

-ئێ... وا دیارە وەزیر لە شتێک ئەکەنەوە؟ ئایا ئاڵۆزی ئێوە هۆیەکی هەیە؟

-ئاه... ڕامهۆ، من شتێکی سەیرم چاو پێ کەوتووە لێم ڕوونە بەلای هەر کەسێکەوە بیڵێم بڕوام پێ ناکا.

-ئەو شتە سەیرە چییە گەورەم، ئەکرێ منیش بزانم!؟

-شەیتان ڕامهۆ، شەیتان، من لەم کۆشکەدا سێبەری شەیتان ئەبینم.

-پەنا بۆ ئەورامەزدا، فەرمووت شەیتان؟

-بەڵێ ڕامهۆ، ئەزانی کە ئەژدیهاک چەند نەخۆش بوو، هیچ بیرت کردۆتەوە بزانی چۆن بوو لە پڕ چاک بۆوە**!؟**

-ئەهە... بەڵێ ئەم مەبەستە زۆر سەیر بوو، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ شەیتان چییە؟

-بڵێ بزانم ڕامهۆ تۆ لەپێشدا ئەم نۆکەرەت دیبوو کە چەند مانگ لەمەو پێش هاتۆتە کۆشک؟

-نەخێر گەورەم، بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە زۆر لە ئەژدیهاک نزیکە.

-ئەمە شەیتانە ڕامهۆ شەیتان، من لەم بارەوە هیچ گومانم بۆ نەماوەتەوە.

-تۆ دڵنیای قوربان؟

-ها... من وەها سەرم لێ شێواوە کە تەنانەت لە بوونی خۆشم ناتوانم بە تەواوی دڵنیا بم، بڕوانە ڕامهۆ بڕوانە شەیتان... خەریکە بەرەو ئێرە دێ.

-ئوە...
***

**بەشی دوو**

-تۆ ئاخری ئەو کوڕانەی من بە کوشت دەدەی دەستت داوەتە کارێکی پڕ مەترسی، ئێوە بەو چەند سەد کەسە چۆن ئەتوانن ئەژدیهاک شکست بدەن، پیاوی چاک بە دەست لەم کارە هەڵگرە.

-خێزانی داوێن پاک و بە وەفام تۆ چەشنێک قسە ئەکەی ئەڵێی لە بیرت چۆتەوە کە ئێمە کاردۆکین، ئاریزانین گۆیا ئەم هەموو خوێنە ئاڵە کە ئەڕژێ، ئەم سەرە بێ تاوانانە کە ئەچنە ژێر تیغی جەللاد هەستی تۆڵە لەتۆدا هەڵناسەنگێنێ**!؟** فەرا- مۆشت کردووە کە ئەم کوژراوانە برا و خوشکی ئێمە بوون، ڕۆڵەی شیرینمان بوون، ئەگەر هەموو کەس هەر پاسی ماڵی خۆی بکا و ماڵەکانی خۆی بپارێزێ، ئەی کێ هەستێ؟ چ کەسێ ئاڵای سەرنەوی جەمشید بەدەستەوە گرێ**!؟**... نا... نا خێزانی من کاردۆک چ ژن بێ و چ پیاو نابێ بەم چەشنە بدوێ.

-هـ- ها- سەلام بابە.

-ها - درووود.

-درووود کوڕە خۆشەویستەکانم درووود.

-ئاھ... ڕۆڵە شیرینەکانم، نیگەران بووم ئەوە لەکوێ بوون!؟

-ھ...ھا... دایە گیان ئەترسای لە کووچە و کۆلانی شارا گوم بووین ھا...؟

-نا کوڕی من دایکت لەوە ناترسێ! ئەزانێ کە ئێستا شاری ئێمە و وڵاتی ئێمە بۆنی خوێن دایگرتووە، لە ھەموو لایەکی لوورەی چەقڵ و کەمتیار بەرز بۆتەوە. ئەم دڕندانە بۆنی خوێن شێتی کردوون

-شێر ھەرگیز نابێتە نێچیری چەقڵ و ڕێوی بابە گیان.

-ئافەرین کوڕم ئافەرین، بەڵێ ئێوە شێرن، شێری چیای کالیدی، ئاھوڕامەزدا پشت و پەناتان بێ.

-ھا... ھـ... دایکم ھێندە ترسنۆکە کە ئەمن ھەر کات دێمەوە ماڵێ ئەترسم و لە دڵی خۆما ئەڵێم ئەژدیھاک ھەر خاوەنی دەسەڵات ئەبێ، بەڵام کاردۆ شتێکیتر ئەڵێ، ئەو لای وایە لە شەڕی دواییدا ڕۆژ بەسەر شەوا زاڵ ئەبێ.

-بەڵام تا ئەو کاتە ھەزار دایک لەسەر تەرمی ڕۆڵەی خۆیان دائەنیشن، ھەزار دەریا لە خوێن و ئەسرین پێک دێ، من نازانم شەڕی دوایی کەییە؟

-تا ئادەمیزاد ھەیە، تا ئەھوورای نەمر و ئەھریمەنی بێ دادگەر زیندوون ئەم شەڕەش درێژەی ھەیە، ژیان بناغەی لەسەر شەڕی چاکە و خراپە دانراوە.

-ئاھ... ئەمن ئەو قسەیەم لە موبیدی گەورەش بیستووە بابە گیان.

-ئەم وتارە بەرزە ھی زەردەشتە، زەردەشتی کاردۆک.

-بابە من ھەواڵێکم ھێناوە، ئەگەر چی زۆریش جێگای بڕوانییە بەڵام گێرانەوەی باشترە.

-بڵێ کوڕم بڵێ بزانم ھەواڵەکەت چییە؟

-باشترە بەتەنیا بین بابە گیان.

-باشە کوڕم، بڕۆین ئەبێ سەرێک لە کارگەی ئاسنگەریەکەشم بدەم چەند ئەندامی تازەمان ھاتوون کە ئەبێ چەکیان بۆ دروست کەم، بڕۆین.

-ئەمنیش لەلای دایکم ئەمێنمەوە و داوای لێ دەکەم کە چیرۆکێکی جوان و سەرنج ڕاکێشی دەورانی جەمشیدم بۆ بگێڕێتەوە.

-زۆر باشە کوڕم.
***

-دەی کوڕم ئێستا بەتەنیاین بڵێ بزانم ھەواڵ چییە!؟

-ڕامهۆت لەبیر ماوە بابە گیان!؟

-ها-... بەڵێ بەڵێ ئەو کچە کە هەواڵی نەخۆشی ئەژدیهاکی هێنا... بەڵێ !؟

-بەڵێ گەورەم، ئەو لە کۆشکی ئەژدیهاکا کارئەکا، ئاگای لە هەموو هەواڵ و باسێک هەیە.

-بوونی ئەو لەوێ بۆ ئێمە زۆر گرنگە کوڕم، بەڵام...

-هەواڵی ئەمجارەی ڕامهۆ جێی باوەڕنییە ئەو ئەڵێ کە شەیتان لەناو کۆشکی ئەژدیهاکدا ئەژی! و هەر ئەویش بۆتە هۆی چاک بوونەوەی ئەژدیهاک، ئەڵێ کە ئەم قسەی لە ئاشام بیستووە، قوربان.

-ئاشام! ئاشام ئەو خۆی لە ئیبلیس خراپترە، شەیتان هەمیشە کاری خراپە کردنە بەڵام ئاشام ئێرانییە، خۆی بە ئەژدیهاک فرۆشتووە، ئاخ ئەگەر بکەوێتە بەردەستم سوێند بە ئەهوڕاموزدا بەبزەیی ئەیکوژم.

-ئاه ... ئەی هاوار...

-بابە... بابە چاوت لێیە ئەو پیاو کوژانە چی ئەکەن!؟

-ئاه- بەڵێ کوڕم چاوم لێیە.

-ئەمن خۆم پێ ڕاناگیرێ، ئەبێ تەمبێیان بکەم.

-لەسەرەخۆبە کوڕم، ئێمە کاری گەورەترمان لە پێشە.

-بۆنم ناکرێ بابە، ناکرێ ئەوە ئەمن ڕۆیشتم.

...ئەهای پیاو کوژینە ئێوە ناوێرن پێش بە پیاو بگرن. ڕێ بەم ئافرەتە بێ دەسەڵاتە ئەگرن! ها... ناپیاوینە؟

...-بە تۆ چی؟ ئەتۆ کێی...؟

-ئەگەر پیاون دەمتان ببەستن و، باسکتان بخەنە کار!؟... تق... شەق... ها

ئەمە بۆتۆ... بگرە ناپیاو ئەمەش ئی تۆ... ... کچی باش بڵێ بزانم ئازارێکت پێ نەگەیشتووە؟

-ئاخ... نا... باش بوو زوو گەیشتیە فریام ئەم پیاوکوژانە پاش ئەوەی ماڵە باوکمیان سووتاند دایکم و باوکمیان کوشت و منیشیان بەزۆر لەگەڵ خۆیان هێنا...هـ...

-ئەی پەستی بێ شەرمانە، حەیف زۆریان کرد... بڵێ بزانم ناوت چییە؟

-ناوم میترایە، کچی ئابراداتاسم.

-ئابراداتاس؟ وەزیری جەمشید! ئاە ئەی ئەهۆرای مەزن، ئابراداتاس کوژرا.

-بەڵێ لاوی قارەمان باوکم بەدەست ئەم خوێن مژانە کوژرا، کاتێ دەمرد تەنیا ئامۆژگاری بۆ من ئەمە بوو کە بێمە لای کاوە و داوای لێ بکەم تۆڵەی خوێنی ئەو بکاتەوە.

-ئاە... حەیف بۆ ئابراداتاس، من ناوم کاردۆیە کوڕی کاوەم، باوکیشم لێرەیە، وەرە وەرە بابچینە لای دڵنیام وەک کچی خۆی ئاگای لێت دەبێ.

-سپاست دەکەم کاردۆ
***

-ئەم کاردۆکانە لە ڕادەبەدەر سەربزێو بوون ئێوەش بەم هەموو سپا و لەشکرەوە چارەیان ناکەن، ئەمن نازانم ئێوە بە کاری چی دێن!؟

ئەگەر ئەمڕۆ هەموویان لە بەین نەبەن هەمووتان ئەکوژم، بۆ من تەنیا خوێن ڕشتن گرنگە، چ خوێنی ئێوە بێ کە دەست و پێوەندی منن، چ خوێنی دوژمنەکانم بێ.

-قوربان ئێمە تاوانێکمان نییە، هەرچی پێویست بووە کردوومانە، بەڵام تا ئێستا بۆمان دەرنەکەوتووە ئەو کەسەی کە هێرشی بردۆتە سەر سەربازەکان و دووکەسی لێ کوشتوون و کچەکەی ئابراداتاسی ڕزگار کردووە کێ بووە؟

-تۆ خەرەفاوی ئاشام، بۆ مەگەر پێویستە هەر ئەو کەسە کە سەربازەکانی منی کوشتووە بە سزای خۆی بگا!؟ نا... بکوژن بێ جیاوازی، بێ ئەوە کە لە تاوانکار و بێ تاوان بپرسن، ئەگەر هەرچی کاردۆکە بکوژرێ ئەو کەسەشیان لەناو دایە، بۆ من تەنیا کوشتار گرنگە، ئەم سەری سەد جارەیە کە ئەڵێم دڵی من تەنیا بە خوێن ڕشتن فێنک ئەبێتەوە ئێستا ئیتر بڕۆن... بڕۆن... ئیتر...
***

-ە. بڕوانە میترا بە دەستی ڕاستت ژێی کەوانەکە بگرە، ها- تیرەکەش بگرە بڕوانە وەکو من، چاوت لێیە، ئەمجارە دەستی چەپت... ئاوا بیگرە دەی... ها... ئافەرین... ئەم جارە دەستی ڕاستت بە ژێی کەوانەکەوە بکێشە هەتا ئەتوانی...ها... دەی ئافەرین...ئافەرین کچی ئابراداتاس... باش ئەچێتە پێشەوە...دڵنیام سینگی پیاوانی ئەژدیهاک لەم دارە ڕەقتر نیە، بڕوانە پێکانی تیرەکەت لێی چووەتە خوارەوە.

-فەراز ئەمە تۆی کە مامۆستای چاکی و باشم فێر ئەکەی.

-ها... بڕوانە باوکم چ زەرێیەکی بۆ درو وست کردووە، پڕ بە بەری خۆیەتی... ڕاستی میترا تۆ تەنانەت لە بەرگی ئاسنیشا هەر جوانی!

-ها... فەراز بۆ ئێمە قسەکردن لە جوانی پووچە، ئێمە سەرتاسەری ژیانمان ناحەزی و تاڵییە.

-ە...ها...ە... نا میترا بە هەڵە چووی نا ئەهۆرامووزدا هەیە جوانی و جوانیش هەیە بەڵام هەروەک ڕۆژ جاروبار ئەکەوێتە ژێر پەڵە هەورێکەوە، کاتێکی واش هەیە کە جوانی لە ژێر خاکا پەژارئەدا و دائەپۆشرێ، ئایا لەو کاتەدا ئێمە ناتوانین بڵێین کە خۆرەتاو هەرماوە، ئایا ڕەوایە لە هاتنەدەری هەتاو ناهومێد بین-؟ ... نا میترا...نا دەسەڵاتی جوانی بۆ

هەمیشە هەیە و ئەمینێ ڕاستە کە تۆ باوکت کوژراوە میترا، ڕاستە کە وڵاتەکەمان داگیرکراوە، بەڵام ئەهۆرامۆزدا هەرماوە، ئاگر لە ئاگردانەکانا هەر ئەگڕێ، خوا نەکا ئاگری کوا نووی سینگمان خامۆش بێ میترا.

-ئاخ فەراز تۆ چەند جوان قسە ئەکەی چەندە هیوا بزوێنە قسەکانت.

-هـ...ها... ئەگەر هیوا لە دڵێکا بمرێ، چی بۆ ئەمێنێتەوە! ژیانی بێ هیوای سەرکەوتن مەرگە، مەرگێکی تاڵ و دوورو درێژ.

-بەڵێ هەروایە، بەڵام جاری واش هەیە کە هەموو ڕوچن و ڕوچنێک لە دڵ ئەبەسترێ، و ئادەمیزاد هەر چەند کە بیر ئەکاتەوە لەو شەوە تاریکەدا دیمەنی بەیانێک بەدی ناکا

-ها...هـ...تە-ها... تۆش وەکوو دایکم فێربووی، ئێوە ئافرەتان زۆر دڵ ناسکن، زۆر بێ ورەن، بەڵام لێرەشدا مەجبوورم بڵێم کە بە هەڵە چویی هیچ شەوێک نییە کە بەیانێکی لێ وەدەر نەکەوێ هەتا بووە هەر وابووە، وە هەر واش ئەبێ... ئاهـ- میترا ئیتر ئەمڕۆ مەشقی تیرت بەسە، ڕاستییەکەی من هیچم نەماوە کە فێری تۆی بکەم، تۆ خۆت شەڕ کردن لەمن فێربووی، بەڵام شتێک ماوە! ژیان... تۆ لەم مەبەستەدا تۆ هێشتا شاگردی منی بەهیوام ڕۆژێک ئەویش باش فێرببی.

-من تەنیا بۆ تۆڵە کردنەوە زیندووم فەراز ئەگەر تۆڵە وەرگرمەوە ئیتر هیچ ئاواتێکم نامێنێ.

-نا...نا... نا میترا ڕاسپێری ئادەمیزاد ڕووخاندنی باری نالەباری ژیانە و دامەزراندنی بناغەی جوانی، بەڵام تۆ لەم ڕاسپێرییە هەر بیر لە ڕووخانەکە ئەکەیەوە، پاش تۆڵە کردنەوە ژیانی بەختیارانەی تۆ دەست پێ ئەکا... ئاهـ... من چەندە قسە درێژم...؟

هەستە... هەستە بابڕۆینەوە ئێستا کاردۆ ناوچاوی تێکناو و لە گۆشەیەکا ماتی کردووە، دایکم ئەترسێ و باوکیشم خەریکی نەخشە کێشانە، هەستە بابڕۆین هەستە...

-بابڕۆین هەستە...
***

...-ئاهـ بڕوانە بابە ئەو هەموو سوارەی لەبەر دەرکی ماڵی ئێمە کۆ بوونەوە...؟ خەریکن دادەبەزن

-بە ورە بە کوڕم، خۆت ئاڵۆز مەکە، ئەهورامۆزدا پشتیوانی ئێمەیە.

-ها... هاتوونە حەوشەکەمان، لێم ڕوونە کە بۆ سپاس کردن نەهاتوون ...ها...

-تۆ لە هیچ کاتێکدا دەست لە گاڵتە هەڵناگری فەراز.

-لێ گەڕێ، لێ گەڕێ باپیکەنی کوڕم، تەنیا بەڵگەیەک کە لە جوانی و شادی ماوەتەوە پێکەنینی فەرازە.

-خێرا چارێک بدۆزنەوە، خۆتان بشارنەوە ئەو خوێن مژانە ئەتان کوژن.

-فەراز هەزار گیانی هەیە دایە، هەر یەکێکیان بکوژن ئەوی تر جێی ئەو ئەگرێتەوە، لام وایە دەبێ لە چەند جێگا خۆمان حەشاردەین، ئەگەر خەیاڵی خراپیان بوو بیانکوژین.

-کوڕم ئەوان نزیکەی سەد کەسن ئێمەش سێ پیاوین چۆن ئەتوانین بەگژیاندا بچین.

-ئەوان سەد ڕێوین و ئێمە شێرین بابە گیان.

-ئەهـ... ئەو پڵینگەتان لەبیر نەچێ. مەبەستم میترایە.

-کە وەهایە خۆتان حەشاردەن بزانین چۆن ئەبێ.

-خۆتان حەشاردەن ...زووو... زووو...

-ئەهای... خۆتان بدەن بەدەستەوە... خۆت و کوڕەکانت کاوە... ئەوەش بزانن ئەگەر خۆتان نەدەن بەدەستەوە با ئەمن لە پێشدا تەسلیم بم، من ئەترسم ئاخر ها...هـ...ها... هەر ئێستا ئەڕۆم و خۆم ئەدەم بەدەستەوە.

-کوڕە بۆ کوێ ترسنۆکی خوێڕی، ئەتەوێ ئابڕوومان بەری ها... ها... هـ... من تەسلیمم، جگە لە منیش کەس لە ماڵێ دانیە، ڕاوەستن ئەوە هاتم بۆ لاتان... ئەتۆ ئەوانیتر لەگەڵ خۆت بەرە منیش ئەگەر خۆم پێ ڕزگارکرا ئەگەڕێمەوە لاتان.

-نا... نا من بەجێتان ناهێڵم.

بڕۆ کوڕم، بڕۆ، بڕۆ کاردۆ، دایکت و میترا لەگەڵ خۆت بەرە منیش دێم

-ئێمە باوەڕتان پێ ناکەین... وەرنە دەرەوە...

-بڕۆ کاردۆ، بڕۆ خێراکە، یەکێکیان بگرن، باشترە لە هەموومان... تکا دەکەم نیگەرانی من مەبە خێراکە.

-بڕۆن کوڕم... میترا تۆش لەگەڵ خێزانمدا وەرە خێراکە بابڕۆین...

-مەئموری ئەژدیهاک من چەکم پێ نییە، ئەوە هاتم تەسلیم دەبم...

-دەستی ببەستن، دەستی ببەستن یاڵڵا... خێراکەن کوڕینە دەستی ببەستن... بابڕۆین...
***

-ئەی ئەهۆرامەزدا، ئەی خاوەنی ژیان و بوون گوێت لە من بێ، من کە بەندەی بچووکی تۆم، وڵات ئاگرو خوێن و ئەسرینە، ئیبلیس فەرمان ڕەوایە، ئەی ئەهۆرای مەزن، گوێت لە نەزان من بێ، یارمەتیمان بدە ئاورگا پاکەکان بپارێزین، تا ناوی پیرۆزت بکەینە نەخشی هەموو دڵێک، ئاناهیتا و میهر بنێرە یارمەتی شمشێر و مشێنەکانمان، بەسەرمانا ببارە ئەی هەوری بەزەیی کردگار، دڵمان بەتۆڵە تەیارکە و باهۆمان بەهێزکە بۆ بەرەنگاری دوژمنی ئەهۆرا...
***

-بلێ بزانم ئەی کاردۆکی چەپەڵ، تۆ ئەو سەربازانەی منت کوشتووە؟ مەگەر لە ڕقی من نەترسای؟ مەگەر نەتزانی چ چارەنووسێک چاوەڕێتە؟ بۆ چ بێ دەنگی؟... وادیارە زۆر ترساوی...؟ من بیستوومە ئەڵێن خێڵێ کاردۆک لە هیچ شتێک ناترسن، ئێستا بڵێ بزانم چۆن وێرات دەست بدەیتە ئەم کارە؟ زمانت لە دەمتانییە!؟ بۆ جوابم نادەیتەوە؟

-تۆ... تۆ شیاوی ئەوە نی کە من وەڵامت دەمەوە.

-بەڕاست؟ هەرئێستا تێت دەگەیەنم... ئەها جەللاد...جەللاد...

-بەڵێ قوربان!

-وەرە سەری ئەم زمان درێژە ببڕە... یاڵلا

-نا ئەژدیهاک، پەلە مەکە لە پێشدا شکەنجەی بدە، تا هەموو هاواڵەکانی ڕاستی بڵێ ئەمجار بە جەزرەبە بیکوژە...

-ئەهـ دەنگی شەیتانی مەزنە، بەسەرچاو گەورەم فەرمانت ڕەوایە... ئەهای جەللاد دەست ڕاگرە، ئەم لاوە هەرزە چەنەیە نابڵێ هەروا سووک و ئاسان بمرێ، مەر کتوپڕ ناڕەحەتی نییە.

ئێستا بییە ئەوەندەی شکەنجە بدە تا هەموو دۆستەکانی دەردەخا، بەڵام نابێ بمرێ تێگەیشتی!؟

-بەڵێ... بەسەرچاو بەسەرچاو.

-ناتەوێ چاوت لە شکەنجەی ئەو لاوە بێ!؟ ڕاوەستە با بە بەرچاوی خۆتەوە ئەزیەتی بدەن، ئەمە بۆ تۆ زۆر باشە.

-فەرمانت لە سەر سەرم، پێویست نییە بییەیە دەرەوە، هەر لەبەر چاوی منەوە شکنجەی کە جاری لە تازیانەوە دەست پێ بکە... یاڵڵا.

-بەسەرچاو...

لێی دە دەی... ها... دەی

-ئاخ... ها... ئو خ...

-هـ...ها...ئهـ...ها...

***

-مەگری کچم مەگری، فەراز بوو بە قوربانی گەل و نیشتمان، گیانی لە مینوی پەروەردگار ئەفڕی فەراز جێی شانازی هەموومانە.

-هـ...ها...ئێ... چۆن نەگریم... مەگەر ئەکرێ پێش بەسێڵاوی ئەسرین بگرم...؟

-ها... تکا دەکەم میترا... تکادەکەم، ئەگەر دایکی فەراز بزانێ خۆی ئەکوژێ.

-من تۆڵەی دەکەمەوە، سوێند بە ئەهۆڕاموزدا خوێنی فەرازی قارەمان بە فیڕۆ ناچێ من دەریایەک لە خوێنی ئەم داگیرکەرانە ساز دەکەم، دڵنیا بە برای جوانە مەرگم دڵنیابە.
***

-ئەم کۆشکە بۆنی مەرگ و شەیتانی گرتووە، چەند شەوێکی تاریکە خودای گەورە ئەم لاوە بێ چارەیە ئێستا لە چ حاڵێکدایە؟ من ئەبێ کارێکی بۆ بکەم، ئەو برای کاردۆیە، ئاخ...ه کاردۆی خۆشەویستم...نا...نا من نابێ بێڵم ئەو لەو زیندانەدا بمرێ...

بەڵام چۆن؟ من کە بەتەنیا کارێکم لە دەست نایە...؟... ئاه کەوتەوە بیرم بڵێ وا باشە، هەستم... هەستم بڕۆم...

جا ئێستا بەم شەوە تاریکە کاردۆ چۆن بدۆزمەوە؟ باوەڕناکەم لەم شوێنانەدا بێ...! ئەم پەنا ئاورگەیە جێی ژوانی من و ئەوبوو ها لێرە چاومان بەیەکتر کەوت...ئاخ... من کە بیرم بۆ هیچ لا بڕ ناکا باشترە بچمە ناو ئاورگەکە، کەمێ لە ئەهۆرا موزدا بپاڕێمەوە... وا زۆرباشە...

-ئەوری مەزدا پەنام بۆ تۆ هێناوە، تۆی خاوێن تۆی خاوەنی گەرمایی پڕشنگ، تاکەی ئەبێ دیل بین؟ تاکەی ژێر چەپۆکە بین؟ مەرگی فەراز خەمێک نییە لەبیر بچێتەوە... ئەی ئاهۆرامەزدا هەڵی نەگری...

-ئاه... کەسێک لەناو مزگەوتەکەدا خەریکی نەزایە، ئەبێ کێ بێ...

-ئەی میهری گەورە، یەزدانی شەڕ پارێزگاری هۆزی ئاریا یارمەتیم بدە، هەموو گیانم پڕکە لە تۆڵە، مەهێڵە خوێنی گەشی فەراز لەناو بچێ...

-ئاه... چی... ئەوە دەنگی کاردۆیە... سپاس بۆ تۆ خودایە... بابچینە ژوورەوە...

-تۆ کێی...؟ لە جێگای خۆت مەبزووە،... ئاه

ڕاستە ئێرە نیوە تاریکە بەڵام تروسکەی شمشێرەکەم نابینی؟

-منم ڕامهۆ! مەترسێ گیانەکەم، خۆمم.

-ئاه بۆچ هاتوویە ئێرە ڕامهۆ؟ مەگەر نازانی هەموو هەستێک لە دڵی مندا مردووە، من پاش مەرگی فەرازی برام تەنیا بۆئەوە زیندووم کە هەتا ئەتوانم بکوژم و پاشان پیاوانە بکوژرێم.

-تۆ بەهەڵە چووی کاردۆ، فەراز نەمردووە.

-گاڵتە مەکە ڕامهۆ، من مناڵ نیم کە بەم قسانە دڵخۆشیم دەیەوە

-بە ئەهۆڕاموزدا سوێند دەخۆم درۆ ناکەم، فەراز ماوە ئێستا لە زیندانە من هاتووم بە یارمەتی تۆ لە زیندان ڕزگاری کەین، ئەبێ پەلە بکەین فەراز لە حاڵێکی خراپ دایە.

-ها- ئەوە گەورەترین موژدە بوو ڕامهۆ بڕۆین با بڕۆین... سپاس بۆ ئەهۆرای گەورە... دروود بۆ تۆ میهری پڕشنگدار.

-زووکە... بابڕۆین...
***

-بڕوانە کاردۆ... ئەم دەرکەی زیندانە، ئەبێ هەر چۆن بێ ئەم نیگابانە بکوژی وکلیلی زیندانی لێ وەرگری.

-ئاه... زۆر باشە، ئەبێ کارێک بکەم بەرەو ئەو تاریکاییە بێ... فووت... ئەم ئاخ ئەوەش ئەمە ئێستا ئەبێ کلیلەکان بدۆزمەوە.

-زووبە زووبە.

-ئەمەش کلیلەکەی زیندان.

-زۆر باشە، من دوو ئەسپم بۆ ئێوە لەبەر دەرگای زیندان بەستۆتەوە، سواریان بن و ڕاکەن ئیتر من دەڕۆم...

-سپاس ڕامهۆ... سپاس... ئاخ

ئەو زیندانە چەند تاریکە... ئاه فەراز برای خۆشەویستم... وادیارە بێ هۆشە.

-هـ...ها... نەکاردۆ... نا... ئاخ... بێ هۆش نیم، نەمزانی تۆ دێی، سروش ئەم هەواڵەی بەمن دا...

-ئەتوانی بڕۆی؟

-من بەزەحمەت ئەتوانم هەناسە بکێشم... نا براکەم... نا ئەبێ کەمێک سواری سەر شانت بم.

-ئۆه چەشنی سەردەمی منالّی کە فەرازم سواری شانم ئەکرد... باشە... باشە برای قارەمانم باشە... هەستە... دەی...ها

-بەه... بەه...بەه... چ جێگەیەکی خۆشم هەیە هێندە ئاسوودەم هەرگیز نامەوێ بێمە خوار.

-تۆ جێگات لەسەر چاو و دلّی مندایە براکەم بزانم؟ ئەتوانی خۆت بەسەر ئەسپەوە بگری؟

-ئەڵبەت ئەتوانم ئەڵبەت

-ها... کە وایە زۆر باشە. با بچینە دەرەوە لە زیندان... ها ئەوەتا ئەو دوو ئەسپە زین کراون و زامارن... ها... دەی بچۆ سەر زینەکەی...
***

## بەشی سێ

-فەراز چی بەسەرهاتووە؟ ئایا کوشتوویانە یان؟ ئایا دایکێک تاکەی دەتوانێ ئەم دەردە هەموار بکا؟ تکایە کاوە پێم بڵێ فەراز ماوە یان کوژراوە؟

-لەسەرخۆبە ئافرەت، لەسەرخۆبە، مەگەر تەنیا فەرازی تۆیە بەدەست ئەم دڕندانە کوژراوە لە هەموو ئێرانا دایکان کۆس کەوتوون، هەموو کەس تازیە بارە.

-یانی کوڕەکەم کوژراوە... ئاخ فەراز... فەرازی جوانم... دایکت پاش مەرگی تۆ چۆن بژی...

-مەگری مەگری دایەگیان، ئەمە چارەنووسی ئێمەیە... بەڵام ئەمن بۆچی وائەڵێم...چۆن نەگری.

-ها... بەسیەتی ئیتر بەسیەتی... ئێوە بەم شیوەن و گریانە گیانی فەراز ئازار ئەدەن. فەراز نامرێ ئەو فیدایی ڕێگای ئازادییە هەرگیز نامرێ، ئەگەر ئەمڕۆ ڕواڵەتی لە پێش چاومان لاچووە لە نێو دڵماندا دەژی... ئاخ فەراز مەرگی تۆ چەند گرانە، بەڵام ڕووت سپی بێ کوڕم وەک ڕووی مرۆڤایەتیت سپی کردووە... درووود بۆ گیانی نەمرت... فەرازی من ڕۆڵەی دلێرم، کوڵی دڵی باوکی پیرت پێشکەش بەگۆڕی ساردووسڕت ئێتر زایەڵەی پێکەنینت نایەتە بەر گوێم، باوکی کڵۆڵت بەمەرگی تۆ سۆمایی لە چاوی بڕا، تۆ بایی دارترین دیاری ئێمەی بۆ شۆڕش و ئازادی، لە گۆڕەکەتا بەئاسوودەیی بخەوە، مەرگی تۆ زۆر زۆر زۆر خەسار بوو کوڕم.

***

-ئاه... خودایە، فەراز؟

-درووود بۆ کاوەی مەزن.

-ئا... درووود کوڕم... ئای ئا... ئەمن چاوم دروست دەبینێ؟

-چاوی هەڵۆی چیای کالیدی هەرگیز بەهەڵە ناچێ.

-بەڵام کوڕم فەراز؟

-ئاخ فەراز ڕۆڵەی شیرینم...

-میترا تکایە تۆ خەریکی بەهۆشەوە هێنانی دایکی کاردۆ بە... فەراز چاوم بەدیتنت ڕووناک بۆوە... بڵێ... بزانم کوڕم چۆن ڕزگاربووی.

-ئاخ بابە... زۆر شەکەتم، دەمەوێ بخەوم چەند شەو و ڕۆژە نەخەوتووم... هەرچی دەتەوێ لەکاردۆ بپرسە... تا ... دەمەوی بخەوم بابە...

-خەوی لێ کەوت، تەنیا ئەو بووە توانیویە خۆ لەبەر دەم هەموو شکنجە بگرێ... باشترە بخەوێ!

-دەی کوڕم تۆ بۆم بگێڕەوە فەراز چۆن ڕزگاربوو؟ من بەجارێ دڵنیا بووم ئەو کوژراوە.

-ڕامهۆ بوو بە هۆی ڕزگاری فەراز، ئەو هەواڵەی دا بەمن کە فەراز نەمردووە، منی ڕێنوێنی کرد بۆ زیندان و

ڕزگارم کرد.

-ئافەرین کوڕم ئافەرین، بەڕاستی ناوی کاردۆت خەسار نەکردووە، نازانی دایکت لە چ حاڵێکدا بوو، من مەجبوور بووم کە پێی بڵێم فەراز کوژراوە- ئەو بێ چارە دیتت کە بەدیتنی فەراز بێ هۆش بوو.

ئەو خەریکە دێتەوە هۆش لام وایە باش نییە لەم حاڵەدا چاوی بە فەراز بکەوێ

-کچم؟

-بەڵێ!

-تۆ لە ڕادە بەدەر میهرەبانی، خوا بتپارێزێ کچم.

کاردۆ یارمەتی بدە، دایکت بەرنە هۆدەیەکی تر هادەی خێراکەن... دەی ببەنە هۆدەیەکی دی.
***

-ئاخ فەراز نازانی دووری تۆ چەندە بۆ من گران بوو؟ بەتایبەت کاتێ قاوکرا کە تۆیان لە ژێر شکەنجەدا کوشتووە چەندە نارەحەت بووم، ئەمویست بمرم، ژیان بۆ من بێ مانابوو، تەنیا دڵخۆشی دانەوەی باوکت بوو کە بەرگری لە خۆکووشتنم دەکرد.

-ئا... تۆش خێرا باوەڕت کرد کە من مردووم؟ ها... ئاخر نەدەبوو بیر لەوەش بکەیەوە کە فەراز جارێ هیوای زۆری بەژیان هەیە و بەم زوانە نایەوێ بمرێ!

-نا ... هیچ کەس نایەوێ بمرێ فەراز، بەڵام مەرگ لەم قسانە ناپرسێ فەراز

-هـ...هـ... میترا بەهەڵە چووی، مەرگ لەبەرامبەری ویستی پیاوانە پەست دەبێ، مەرگ هی ئەو کەسانەیە هیوای ژیانیان نامێنێ و مل بۆ مردن کەچ دەکەن. ئێمە بەهارێکی خۆشمان لەبەرە بەهارێکی پڕ ئاگرو گوڵ، پڕ ئاگر و گوڵ و شینایی بەهاری ئەوین و دڵداری و ڕزگاری... ئاخ خودایە... لە مێژە مەلی بزە لە هێلانەی لێوانمان تاراوە... بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو چارە ڕەشی و کڵۆڵیە دەنگی جریوەی مەلی نەورۆز ئەبیستم میترا

لە پشت دیواری هەرەس و بەفر و سەهۆڵ بەرەو چیایی کالیدی، بەرەو ئێران باڵ ئەگرێتەوە- من دڵنیام میترا، دڵنیام بەیانی بەهەموو پڕشنگ و شکۆیەوە هی ئێمەیە، ئەمە سروشی پاکە بەمنی گوتووە، کاتێ لە ژێر شکەنجەدا ئەمناڵاند ئەم دەنگە هاتە گوێم، دەنگی سروش بوو، هەر لە دەنگی کاوەی مەزن ئەچوو کە ئەی گوت:

-کوڕی دلێری کاردۆک، پتەوبە وەک چیایی بەرزی کالیدی، مەبەزە، گاڵتە بەمردن بکە، نەورۆزێکی ڕەنگینمان لە پێشە، مردن بۆ دوژمنانی تۆیە، پیاو بە فەراز پێیکەنە، دۆستت شاد و دوژمن کوێربە، قارەمانی شۆڕش پێیکەنە.

-ئەم دەنگە گیانێکی تازەی کرد بەلەشما لێ برام خۆم ڕاگرم، وەدیت کە بەیارمەتی ئەهۆرای مەزن سەرکەوتم میترا.

-ئاه... فەراز تۆ سەراپای گیانت هیوایە، تۆ ئاگرێکی کە گەرمایت بۆ دۆستان و سووتاندنت بۆ دوژمنانە.

-ئاھ... ھ... ئێستا پێم بڵێ بزانم، تۆ لە تاقمی گەرمەوەبووەکانی یان سووتاوەکانی؟

-فەراز من دڵم بەقسەکانت گەرم ئەبێتەوە بەڵام ھەناسەی ساردیشم ھەر بەھۆی تۆوەیە.

-ئا... یانی چی؟ ئایا ئەمن بێ ئەدەبییێکم کردووە کە کچی ئابراداتاسی مەزن دڵی ڕەنجابێ؟

-نا فەراز ڕەنج و پەژارە لە دڵی خۆمدایە ئەوەی کە من ئەسووتێنێ تۆ نی، ئەوینی منە من ئەویندارم فەراز.

-ئێمە ھەموومان ئەو ئەویندارین، مەگەر ئەوین بە وڵات، ئەوین بەشۆڕش و ئاگاداری ناکرێ پێی بڵێی ئەوین ھا!؟

-ئەمانە ھەموو ئەوینێکی گەورە و پاکن، بەڵام گیانی من بەئاگری ئەوینێکی تایبەتی ئەسووتێم.

-یانی ئەتەوێ بڵێی ئاشقی پیاوێک بووی نەکا بڵێی کاردۆ ھا؟

-ئەھا - کاردۆ بەرزە، بەڵام وەک برایەک خۆشم دەوێ.

-ئەرێ من بزانم دڵدارەکەت کێیە؟

-فەراز تۆی، دڵداری من تۆی.

-چی ئەبیستم؟ ئایا بەڕاستیتە میترا تۆ منت خۆش دەوێ؟

-پڕ بەدڵ پڕ بەھەموو ھەستم خۆشم دەوێی.

-ئاھ خودای گەورە، خەو دەبینم؟ یان بێدارم، تکایە، جارێکی تر دووبارە بکەوە و دووبارەی کەوە.

-خۆشم دەوێی فەراز، زۆرم خۆش دەوێی.

-میترا ئەمنیش پێت بڵێم؟... لە مێژە تۆم خۆش دەوێ، بەڵام... بەڵام پێم باش نەبوو ھیچ بڵێم، ئێستا کەوایە ئیجازە بدە دەستەکانت ماچ کەم... ئاھ میترا...

-ھەم ... بێ مێشکی بێ کارە تۆ بەکەڵکی ھیچ شتێک نایەی، بەم ھەموو سپا و پاسەوانانەوە بەم زیندانە بەرزو پۆڵایەوە، نەت توانی بەندێکی بێ دەسەڵات ڕابگری، ئەمە بۆ تۆو بۆ من شوورەییە.

-ببوورە شەیتانی مەزن من تاوانم نییە، پاسەوانەکان بێکارە و تەمبەڵن، ئەوێ شەوێ ھەموویان لە دەرەوەی قەڵای زیندان خەویان لێ کەوتبوو بەیانی بەزۆری تازیانە خەبەرمان کردنەوە.

-ئەم... ئەمە کەڵاوی دوژمنی گەورەی من ئەورۆ موزدایە...ھ... ئاخر من ھەمیشە لە شەڕی ئەوا تێشکم. چی بکەم نەخۆشیەکەت لەبیر نەچۆتەوە؟ ھا... ئەژدیھاک.

-ئەتەوێ چی بکەی؟... نا تکا ئەکەم من لە چاوی تۆ ئەترسم، بەم جۆرە پێدا مەڕوانە

-ها...ها...ها

-من بۆ فەرمانت ئامادەم... بۆ فەرمانت ئامادەم ئاخر شەیتانی مەزن.

-نا... ئەژدیهاک ئێرە ئێرە جێگای من نییە ئەهۆرامورزدا هاتۆتە یارمەتی دوژمنەکانم، شار بۆنی پاکی و باشی لێوە دێ، من دەبێ ڕاکەم بەڵام لە پێشدا دەستووربدە هەموو کەس کۆبنەوە کۆڕێکی گەورە بگرن.

-لەبەر چی سەروەرم؟

-ها...ه... کارت بەسەر ئەوەوە نەبێت هەرچی گوتم وابکە ئەژدیهاک.

-بەسەرچاو قوربان فەرمان بەرم.
***

-بێ دەنگ بن، بێ دەنگ بن، هەمووتان دەزانن کە دوژمنانی من هەر ڕۆژی پیلانێک دەگێڕن، هێرش ئەکەنە سەر سەربازەکانم و ئەیانکوژن، لە بیرتان چۆتەوە کە من کێم؟ و چۆن سپای جەمشیدم تێکشکاند، فەرامۆشتان کردووە کە من لەگەڵ ڕەحم و بەزەیی بێگانەم؟ حەزم لە لاشەی بێ سەر و ئەندامی کون کون کراو و سەری بڕاوە، ئایا ئێوەی ڕەش و ڕووت و بێ دەسەڵات ئەتانەوێ بەرەنگاری من بوەستن!؟

بیر بکەنەوە لە هەموو ئێرانا، بنەماڵەیەک هەیە کوڕی نەکوژرابێ؟ یان تاڵان نەکرابێ و ماڵی نەسووتابێ!؟ من لە کوشتن و خوێن ڕشتن ماندوو نەبووم، ئەگەر ئێوەش لە مردن و بەندکردن نەوەستاون زۆرم پێ خۆشە دیسانەوە دەست پێ ئەکەینەوە، بزانن کامەمان سەر ئەکەوین!؟

-سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و مردن بۆ تۆ.

-ئەمەش بەڵگەی سەرکەوتنمان... ها بگرە.

-ئەمە بەڵگەی شکستی ئێوەیە، بڕوانن ئەم نێزەیە چۆن لە حەواوە ماوەتەوە.

-زۆر سەیرە!؟

-ئەی خۆ لە حەوا ڕاوەستاوە؟

-سەیر...

-ئێستا زانیتان کە نێزەش ناوێرێ لە سنگی ئەژدیهاک نزیک بێتەوە...ها...ها...

-سەروەر ئەگەر ماوە بفەرموون من ئەڕۆم ئیتر ئێوەش بەتەواوی هاتوونەتەوە سەر خۆ و نەخۆشیتان نەماوە، منیش ئەمەوێ بگەمە فریای نەخۆشێکی تر، من پزیشکم کارم تیمارکردنی نەخۆشە، زۆر خۆم بەبەختیار ئەزانم کە توانیم ئەژدیهاکی مەزن لەو نەخۆشییە ڕزگارکەم، تکام ئەمەیە کە ماوە بفەرموون سەر شانەکانتان ماچ کەم.

-سپاست دەکەم پزیشکی زانا، شانی من بۆ ماچ کردن ئامادەیە.

-سەروەرم ئەمە شانازییە بۆ من با سەر شانت ماچ کەم تابتوانم لە هەندەران بڵێم لێوی ئەم پزیشکە پیرە سەرشانی شکۆداری ئەژدیهاکی ماچ کردووە قوربان ئیتر من لە خزمەت مەرەخەس دەبم...

-سەرکەوی پزیشکی پیر بەهیوای دیدار

-کاتێ من خەریک بووم لە دەرگا بچمە دەرەوە جێگاکەت بگۆڕە...دەنا ئەو نێزە کە بەئەفسوونی من ڕاوەستاوە سنگت کون ئەکا...

-ئاخ... نێزەکە باڵی گرتەوە بڕوانە ئەم کۆڵەکە بەردەی کون کرد... شەیتان شەیتان کاری شەیتانە.

-ئەمە کاری شەیتانە.

-ئیتر من کارێکم نییە، هێزی منتان چاو پێ کەوت، بڕۆن و ئارام بن.
***

-ها وەزیر دیسانەوە پەرۆشی؟ چی ڕووی داوە؟

-نازانم چی بڵێم!؟ نازانم بڵێم چی ڕامهۆ!؟ من ئێرانیم، بەڵام لەگەڵ هەموو کردەوە خەراپەکانی ئەژدیهاک هاوبەشم، بەشی هەرە گەورەی تاوان بە ئەستۆی منەوەیە، ئەژدیهاک بێگانەیە ئەگەر خراپەش دەکا لانی کەم لەگەڵ هۆزەکەی خۆی ناکا. بەڵام من چی؟ نازانم نازانم ئەتوانم هیواداربم کە ئەهۆراموزدا لە تاوانم ئەبووری یان نا؟

-وەزیری بەڕێز تۆ هەرگیز ئەو قسانەت نەکردووە، چ ڕووی داوە کە ئەمڕۆ کەوتوویەتە بیری ئەم مەبەستەوە؟

-ئەزانم ڕامهۆ، ئەزانم ئەتەوێ بڵێی کە درەنگ بووە من ئیتر ڕووی گەڕانەوەم نییە، بەم هەموو تاوانەوە هەرگیز نابەخشرێم هەرگیز، دەمێ ساڵە خزمەت بەهەژدیهاک دەکەم، نەک لەبەر ئەوەیە کە خۆشم دەوێ چونکە لێی دەترسم نامەوێ کوڕەکەم بکوژی و کچەکەم بکەوێتە دەست سەربازەکانی ئەژدیهاک، خزمەتی من بۆ خۆپاراستنە، بەڵام لە کاتێکەوە بۆم دەرکەوتووە ئەژدیهاک بەندەی ئەهریمەنە شەرم و شوورەیی دای گرتووم... ئاخ... من چەندە چارە ڕەشم، من خزمەتکاری بەندەی شەیتانم.

-ئێستا کە بۆت دەرکەوتووە لەم ماوە درێژەدا بە هەڵە چووی ناتەوێ تۆڵەی ئەم خراپانە بکەیتەوە؟

-چۆن؟ مەگەر ئەتوانم؟

-سەروەرم ئەگەر بتەوێ دەتوانی ، ئەژدیهاک زۆری بڕوا بەتۆ هەیە، ئەتوانی لەم بڕوایە بەسوودی شۆڕشگێرەکان کەڵک وەربگری.

-مەبەستت ئەمەیە کە یارمەتی شۆڕشگێرەکان بدەم؟ نا... نا من لە ئەژدیهاک دەترسم.

-ئەی لە ئەهوراموزدا ناترسی؟ لات وانییە کە پەشیمان بوونەوەت دەبێ بەکردەوە پیشان بدرێ؟ بەوتەی خۆتان هەتا ئێستا لەسەر ڕێگای تاوان بوون، ئەگەر پەشیمانن ئەبێ بکەونە سەر ڕێبازی خزمەت و تێکۆشان.

-ڕامهۆ تۆ ڕێگایەکت بەرچاو دەکەوێ؟ یان لات وایە من بتوانم من بەچەشنێ یارمەتی لاوە قارەمانەکانمان بدەم؟ خۆت دەزانی کە من پیاوی شەڕ و مەیدان نیم.

-قوربان بۆ شەڕکردن هەر تەنیا پیاوی شەڕکەر بەس نییە پیاوی ژیر پێویستی بەئاوەزیشە من دڵنیام تۆ ئەتوانی خزمەتێکی گرنگ بەوڵاتەکەمان بکەی.

-باشە بڵێ بزانم، من چی بکەم بڵێ؟

-دۆزینەوەی ڕێگا لەسەر من سەروەرم.

-من ئامادەم ڕامهۆ، هەرکات پێویست بوو هەواڵم پێ بدە.

-بەسەرچاو گەورەم ئێستا جارێ بەدوعا.

-خوات لەگەڵ کچی بەشەرەف خوات لەگەڵ.
***

-ئاه... من خەریکم دەمرم سەرشانم ئارامی لێ هەڵگرتووم، ئای ئاشام؟ ئاشام لە کوێی؟

-لێرەم گەورەم، فەرمایشتێکتان هەبوو؟

-سەرشانم ئارامی لێ هەڵگرتووم، ئەڵێیی گیانم دەردەچێ نازانم بۆچ ئەمڕۆ کت و پڕە وەژان وەستا؟ خۆم نایبینم وەرە بزانە بریندار نییە؟

-ماوە بفەرموو قوربان بابزانم...؟ ئاه خودای گەورە ما...مار...!؟ دوو... دوو ماری ڕەش قوربان.

-چییە ئاشام بۆچی ڕات کرد؟ ماری چی؟

-قوربان لەسەر هەرکام لە شانەکانت ما... مارێکی ڕەش هاتۆتەدەر

-چیی لێوی شەیتانە ماری لێ شین بووە ئێستا چار چییە وەزیر؟ مارە پێمەوە دەدەن وەرە وەزیر بەم خەنجەرە سەریان لە لەشیان جوێ کەوە.

-قوربان م ... من ناوێرم.

-ها... ترسنۆک من خۆم ئەم کارە دەکەم.

-ها...ها ئەمە یەکێکیان... ئەمەش ئەوی تریان... ئاخ ئاسوودە بووم ئیتر شانم ژان ناکەن، من دوێنێ شەوێ خەو لە

چاوم نەکەوتووە، وەزیر ئێستا ئەمەوێ کەمێک بخەوم، بڕۆ بەڵام زمانت گرێ دە، نەکا ئەم باسە بدرکێنی ها...

-بەسەرچاو قوربان بەسەرچاو.

***

-ئاه... ئاخ...ه... من خەریکم لە پێ دەکەوم کاردۆ کەی دەگەینە لای کاوە؟ ه... ها...

-منیش پێم بەشوێنما نایە، بەم کێوانەدا ڕێگا ڕۆیشتن بۆ منی پیرەمێرد زۆر سەختە.

-ها... هێندەمان نەماوە بگەینە غارەکە، بڕوانن فەراز لەبەر دەرگای غارەکە کێشک دەکێشێ!

-باشە... باش...

-هۆی تۆی کاردۆ؟ وەرنە پێشەوە وەرن.

-بەخێر بێی کاردۆ.

-سپاس فەراز... کاوە لە ژوورێیە؟

-بەڵێ بچۆ ژووری غارەکە.

-باشە دەچم با ئەو میوانانە لێرەبن...

گەورەم دوو میوانی تازەمان بۆ هاتووە، یەکیان ڕامهۆیە کە دەیناسی، بەڵام ئەوی تریان...

-چییە بۆ بێ دەنگ بووی؟ ئەوی تریان کێیە؟

-بابە گیان تا بەڵێن نەدەی وەک میوانێک ڕەفتاری لەگەڵ دەکەی ناوی نابەم.

-بڵێ کوڕم بڵێ، هۆزی کاردۆ میوان گر و دڵاوان، مەگەر وانییە کوڕم؟

-هەر لەبەر ئەمەیە کە کاکە کاردۆم داوای لێ کردی کە ڕێز لەم میوانە بگری.

-ئێستا بڵێ کوڕم میوانی تازەمان کێیە؟

-ئاشام وەزیری ئەژدیهاک.

-ها... گوتت ئاشام؟ تاوانکاری گەورە؟...نا...نا نا کوڕم، من سوێندم خواردووە بەدەستی خۆم بیکوژم ئەمن نامەوێ چاوم بەم خیانەتکارە بکەوێ.

-بابە... بابە... من لام وابوو ئەگەر شەیتانیش ببێتە میوانی تۆ، لە تاوانی دەبووری، بەڵام وا دیارە ژێر چەپۆکەیی

چەن ساڵەی هۆزەکەمان ڕەوشتی بەرزی لەبیر بردوویەتەوە، کاردۆ میوانەکەت هەڵگرە و لێرە بڕۆ، سوێند بەیەزدانی مەزن هەرکەس بیەوێ پێشت پێ بگرێ... تەنانەت ئەگەر باوکیشم بێ بەم شمشێرە وەڵامی دەدەمەوە ئێمە شکستی ئەمەین کە پیاوەتیمان لەبیر چۆتەوە، هەستە برای پاڵەوانم هەستە، بەمیوانەکەت بڵێ کاردۆکیش پەست بوون مرۆڤایەتیان لانەماوە.

-بەدوعا بابە بەدوعا!

-ڕاوەستە کاردۆ ڕاوەستە، ببوورە کوڕم بە ئاشام بڵێ بێتە ئێرە، بێتە ژوورەوە

-سپاس کاوەی مەزن... ئاشامی بەڕێز وەرنە ژوورەوە...

-درووود بۆ کاوە شۆڕشگێڕی قارەمان.

-درووود ئاشام بەخێرهاتی.

-تۆ هەقت هەیە لە من تووڕە بی، هەقت هەیە سەرزەنشتم بکەی، ئەزانم من تاوانکارم ئێستا من هاتووم بە چەشنێ تاوانەکەم سووک کەم، هەرچی تۆ بڵێی وادەکەم تەنانەت ئەگەر فەرمان بدەی بەم پیرییە شمشێر بەدەستەوە دەگرم و لە ڕیزی لاوەکاندا دژی ئەژدیهاک شەڕ دەکەم.

-ئاشام، من و تۆ بەمنداڵی پێکەوە هاوەڵ بووین بەیەکەوە گەورەبووین، هەردووکمان لە سەردەمی شایەتی جەمشیدمان لەبیرە هەردووکمان ڕۆڵەی ئەم وڵاتەین، من چاوەڕوانی ئەمە نەبووم کە تۆ کردت، سوێندم خواردبوو کە بەدەستی خۆم بتکوژم. بەڵام تۆ میوانی ئێمەی و ئەڵێی کە پەشیمان بوویەتیەوە، هیوادارم ئەهورامزدا لە تاوانت خۆش بێ ئەم شەو میوان بە، ڕاستە کە ئەم غارە جێکای تۆ نییە و ناڕەحەت دەبی، بەڵام باشە شەوێکیش ئاگات لە ژیانی هەژاران بێ تا هەست بە دەردیان بکەی.

-بەڵێ کاوە، تۆ جێی شانازی وڵاتەکەمانی من بە بەختیاری دەزانم کە لە لاتان بم، بەڵام لام وایە لە کۆشکی ئەژدیهاکا باشتر دەتوانم یارمەتیتان بدەم، هەواڵێکیشم بۆ هێناون ئەژدیهاک، ئەژدیهاک دوو ماری ڕەشی لەسەر شانی هاتۆتە دەر، هەموو ڕۆژێک جارێک سەریان دەبڕێ، بەڵام دیسانەوە هەروەک گیا شین دەبنەوە.

-نەمزانی ئەو پزیشکە شەیتان بوو، جێی دەمی شەیتان هەر دەبێ ماری لێ شین بێ.

-بابە شەو درەنگە، هاواڵەکان چاوەڕوانی ئێوەن تابزانن بەیانی چی بکەن قوربارن؟

-کوڕم من و ئاشام لە مێژە یەکتریمان نەدیوە، ماوە نادەی کەمێک باسی بیرەوەری لاوی خۆمان بکەین؟

-سەروەرم ئێوە دەستوور بەئێمە بدەن خۆمان بەوانی تر ڕادەگەیەنین.

-زۆرباشە کوڕم، تۆ بەسەرۆکایەتی ٥٠ کەس هێرش بکەنە سەر قەڵای خارخار، فەراز تۆش لەگەڵ چەند کەسێکا لەناو شار وریای جوڵانەوەی سپای ئەژدیهاک بن، منیش بەیانی دەچمە لای شاهەنشا فەریدون لەمێژە نەچوومە خزمەتی.

-زۆر چاکە بابە

-بەچاوان بابە زۆر چاکە.

-سەرکەوتوو بن کوڕم.
***

## بەشی چوار

-ماری لەسەر شانی شین بووە.

-ئا ئا دووماری ڕەش.

-میترا گوێت لێیە لە هەموو لایەک باسی مارەکانی سەر شانی ئەژدیهاکە

-بەڵێ گوێم لێیە، فەراز بڕوانە ئەو سەربازە لە مێژە کەوتۆتە شوێن ئێمە چاومان لەسەر هەڵناگرێ.

-ئای تۆ ئەترسی؟ بۆ لات وایە کە هەموو کەس ئێمەی خستۆتە ژێر چاوەدێری، ئەم سەربازە سەری داخست و خەریکی شت کڕینە.

-نا فەراز من ماوەیەک ئاگاداریم، ئەو بێ گومان کەوتۆتە شوێن ئێمەوە و ڕەنگە لێمان بەگومان بووبێ باش سەرنج بدە جارجار لە ژێر چاویەوە بۆ ئێمە دەڕوانێ.

-ئەهە... با ئێمە جێگاکەمان بگۆڕینەوە ئەچینە جێگایەکی تر بزانین بەشوێنمان دادێ ئەگەر هات دیارە کە مەبەستێکی هەیە،

-باشترە سەری لێ بشێوێنین، ئەگونجێ ئەو بەتەنێ نەبێ، من بەلایەکا دەڕۆم تۆش بەلایەکی ترا بڕۆ باشە!؟

-ئەگەر ئێمەی خستبێتە ژێر چاوەدێری ئەڵبەت سەربازی تریشی لەگەڵدایە، چونکە ئەم خوێڕیانە هەرگیز ناتوانن بەتەنیایی بەرەنگاری ئێمە بکەن، من بەم لایەدا دەڕۆم، تۆش لەو لاوە، لە ئاخری ئەم کۆڵانە یەکتری دەبینینەوە بەڵام ئەگەر من کەوتمە شەڕەوە تۆ ڕاکە.

-باشە بڕۆ بڕۆ...

-ڕاوەستە کچی جوان!

-چییە سەرباز، من خزمەتێکم بۆ ئێوە لە دەست دێ؟ ئێمە هەموو خزمەتکاری ئەژدیهاکی مەزنین.

-ئەژدیهاک کاری بەتۆ نییە، منم کە نیازم هەیە ماوەیە لە باوەشی تۆدا دنیا فەرامۆش کەم.

-ئاخ کەسێک دەیەوێ دنیا فەرامۆش کا کە بەمەیلی ئەو نەچەرخێ، یان شتێک بترسێ، من دڵنیام کە سەربازانی ئەژدیهاک لە هیچ شتێک ناترسن

-بۆچ کچی جوان، ئەم کاردۆکە چەپەڵانە وەک سندان لە بن دەستمان دەرهاتوون لە هەموو شوێنێک هەن، وەک شەیتان بەهەموو ڕواڵەتێک خۆیان دەنوێنن، خەو و خۆراکیان لێ هەڵگرتووین جا لەبەر ئەوە من دەمەوێ کەمێک لە باوەشی تودا بحەوێمەوە، یا ترس و لەرز لە بیر بەرمەوە

-زۆر باشە سەرباز، بەڵام من خۆم جێگایەکم هەیە دەچین بۆ ئەوێ پێت چۆنە؟

-زۆرم پێ خۆشە، بەڵام من فەرماندەی سەربازانی ئەم ناوەندەم ئەحواڵمان پێ گەیشتووە کە چەند کاردۆکێک بەسەرۆکایەتی فەرازی کوڕی کاوە هاتوونەتە شار، ڕاوەستە بابچم ئەوان بێدارکەم و ڕاسپێریکیان پێ بڵێم و پاشان دێمەوە بۆلات

-زۆر باشە سەرباز من هەر لێرە چاوەڕێم... ... ئەه چی بوو سەربازی فەرماندە زۆرت پێ چوو؟

-دەستووری پێویستم دا، ئاخر کوڕێکی گەنج لای تۆ بوو، لەلات وەستابوو، ڕواڵەتی زۆر لە فەرازی کوڕی کاوە ئەچوو، گوتم نەکا خۆی بێ، دەستوورم دا کە ئەو کوڕە بگرن دەستی کردەوە بیکوژن.

-ها...ها... فەرازی کوڕی کاوە!؟ ئاه ئەو چۆن دەوێرێ بێتە ناو شار، وادیارە فەرماندە زۆر لەو کوڕە ئەترسێ وانییە!؟

-نا من لە هیچ کەس ناترسم بەتایبەت ئێستا کە لەلای تۆم.

-ئەمە شانازییە بۆ من فەرماندە، فەرموو بابڕۆین...

-میترا ئەو پیاوە چەپەڵە بۆ کوێ دەبا؟ ها ئاوڕی داوە، بەدەست خەریکە حاڵیم دەکا...ه تێگەیشتم بۆ کوێ دەچێ... بەڵام من گوێم لە قسەکانی فەرماندەی سەربازەکان بوو، وادیارە منیان ناسیوە بەم جلوبەرگە ناتوانم بکەومە شوێنیان لەهەر کوێ تووشم بن پێشم پێدەگرن ڕاستە کە هێچمان پێناکرێ بەڵام لانی کەم کاتم دەگرن... ها بیرێکی چاکم کردەوە... بابچمە لای ئەو سەربازە کە پاڵی داوە بەو دەرگایە... درووود بۆ تۆ سەرباز.

-درووود.

من یەکێکم لە خزمەتکارەکانی ئەژدیهاک هەواڵێکی خۆشم هەیە، من دەزانم فەرازی کوڕی کاوە لە کوێیە، وەرە با نیشانت بدەم ئەو ئێستا لە ماڵێکا لێی خەوتووە پێویست نییە هەواڵێک بەکەسێک بدەی، خۆت بیکوژە با ئەم شانازییە ببێتە

نسیبی تۆ، مەگەر تۆ ناتەوێ ببیتە فەرماندە! حەیف نییە هەر سەربازێکی ئاسایی ببی؟ مەترسێ منیش یارمەتیت دەدەم، خێراکە نەکا بەخەبەر بێتەوە، پەلە کە ها ئە لێرەوە کەمێک توندتر ...ئە ئەمە ماڵەکەیانە... هەتا کەس چاوی لێمان نییە ... تۆزێ لەو لاترەوە ها... ئاشانا باش بوو، ئەمەش بۆ تۆ... با لیباسەکانی داکەنم... بابچم بزانم میترا چی کرد!؟... چابوو ئەوجار ئیتر کەس نامناسێ بابڕۆم...

***

-چییە ئەتۆ زۆر بەپەلەی فەرماندە؟ من لەبەر دەستی تۆدام، نەکا لە منیش بترسی؟ ها ئەمن هەرگیز لام وانەبوو ئێوە هێندە لەم کاردۆکانە ئەترسن.

-من و ترس؟ هەرگیز، بریا ئەمڕۆ چاوم بەفەراز دەکەوت، دەستوورم دابوو هیچ کەس نەیەتە یارمەتیم، ئەمەویست بەدەستی خۆم بیکوژم، تا ئەم ئێرانییە سەر بزێوانە تێ بگەن کە بێ هوودە قارەمانێکیان لە فەراز ساز کردووە.

-ئافەرین فەرماندە، بڵێ بزانم ئێستا ئەگەر لەم کاتەدا فەراز بێتە ژوورەوە تۆ چ دەکەی؟

-فەراز؟ فەراز کاری بێرە چییە؟

-ها... ها... ه پرسیارێک بوو کردم مەبەستێکم نەبوو بۆچ ترسای؟

-هۆ هۆ لە باتی ئەم قسانە وەرە وەرە، وەرە باوەشمەوە، کچی جوان وەرە هەتا ئەوەندەت بکوشم بەخۆمەوە تادەنگی شکانی ئێسکەکانت بژنەوم.

-ئاخ فەرماندە مەگەر نازانی لەشی من زۆر ناسکە، وە باسکی تۆش زۆر بە هێزە، تکایە ئارامتر بە...

-هۆ هۆ... فەرماندە... فەراز... فەراز...

-فەراز؟ فەرازی چی سەرباز؟

-قوربان فەراز هاتوتە ناو ئەو ماڵەوە، ئێمە هەتا ئێرە بە شوێنیەوە بووین

-دەی جا دەڵێی چبکەین/ ئەی لەعنەتی عەیشەکەی لێ شێواندین، تۆ دڵنیای سەرباز؟ کە فەراز هاتوتە ئێرە!؟

-بەڵام فەرماندە تۆ ماوەیەک لەمەو پێش ئەتگوت ناترسێی؟ چبوو کە بە بیستنی ناوی فەراز سەرت لێ شێوا؟

-تۆ کێی کە بەم چەشنە بێ ئەدەبانە لەگەڵ فەرماندەی خۆت قسان دەکەی؟

-فەرماندەی من؟ فەرماندەی من کاوەیە ترسەنۆکی چەپەڵ، ئەمەش شمشیرەکەم وەرە ها... ئەوەش بۆ تۆ... وەرە پێشێ...

-تۆ؟ تۆ...؟ تۆ؟

-بەڵێ من فەرازم، وەرە پێشێ، ئێستا کە شمشیرەکەت هەڵناگری... ها ئەمەش شمشیرەکەی من... من بەدەستی خاڵی لەگەڵت بەشەڕ دێم... ها...

-دەست خۆش فەراز

-میترا حاڵت چۆنە؟ هەستە هەستە بابڕۆین گیانەکەم.

-ئەم فەرماندە بەڕێزە بێ هۆش بووە با لە تۆڵەی باوکم... ئەگەر چی وەک ئەمە وایە کە لە باتی خوێنی تاووس خوێنی مار برێژی.

ها...ها... بابڕۆین میترا... بابڕۆین...
***

-نازانم بەدەست ئەم مارانەوە چی بکەم؟ هەموو ڕۆژێ جارێک سەریان دەپەڕێنم، بۆ بەیانی دوو سەری تریان لێ دەڕوێتەوە، نازانم شەیتانی گەورە بۆچ منی لە بیر چۆتەوە؟ خۆ من هیچ نافەرمانێکم نەکردووە!

-ها... ها... ها... ها...

-ئەوە دەنگی پێکەنینی ئیبلیسی مەزنە، وا دیارە دەیەوێ یارمەتیم بدا... بەڵێ خۆیەتی... خۆیەتی یا ئیبلیسی گەورە بگە فریام لەدەست ئەم مارانە شەو و ڕۆژم نەماوە یارمەتیم بدە تکا دەکەم شەیتانی مەزن تکا دەکەم.

-ئەژدیهاک، بڕوانە ئەم مارانە سەر دەهێنن بۆ ناو کونی گوێت، ئەمانە ماری ئاسایی نین مێشک خۆرن، بەمێشکی ئادەمیزاد دەبێ تێر کرێن دەنا مێشکی تۆ دەخۆن، هەموو ڕۆژێ دوو ئادەمیزاد سەر بڕە مێشکیان دەربهێنە و بیدە بەم مارانە ئیتر خەویان لێ دەکەوێ تادیسانەوە ڕۆژێکی تر برسیان بێتەوە لە خەو هەستن، ئەم تەنیا چارەی تۆیە ئەژدیهاک، ئیتر من دەڕۆم...

-سپاست دەکەم شەیتانی گەورە سپاس.
***

-ئاگات لێ بوو چیان کرد؟ چ ئاگرێکیان کردەوە ئەو ژن و منداڵانەیان چۆن ئەسیر کرد؟ هەر دێتو و دڕەندتر دەبن، جاران تەنیا پیاویان ئەسیر دەکرد، ئێستا لە ژن و منداڵ و پیرە پیاوەکانیشمان نابوورن.

-کوڕم سەگی هار هەتا کاتی تۆپین هەر دێت و دڕندەتر دەبێ، ئەمانە پەلەقاژەی مەرگیانە کوڕم، بەم کارانە مردنی خۆیان دەخەنە بەرەوە بەڵام تۆ کوڕم ئارام بە، ئارام و لەسەر خۆ بە هیچ خۆت شلوێ مەکە، تا مەرگ نەبێ ژیان نابێ تا شەڕ نەبێ هێمنی نابێ ئەمە ڕێ و شوێنی ژیانە هەموو شتێک دوو لانی هەیە لانی باش و خراپ بەڵام کوڕم تەنانەت باری دزێوو خراپی شتەکەش پێویستە، وەک شەوت بۆ هاتنی بەیان پێویستە وە هەر زستان بۆ بوونی بەهار.

-ببوورە بابە گیان، من جار جار ڕق و کینە سەرم لێ دەشێوێنێ، ئەڵێم بریار هەر کام لەم چەپەڵە ترسەنۆکانە هەزار گیانیان هەبوایە و هەموو گیانیان بەنووکی شمشیرەکانی لە لەشیان هاتبایە دەر ئاخ کەی ڕۆژی تۆڵە دەگا کەی؟

-نزیکە ڕۆڵەم نزیکە، زۆر نزیکە، ئەمڕۆ بۆیە تۆم هێنا ئێرە کە چاوت بەم ڕوانگە ناشیرنە بکەوێ، وەبزانی کە ئەژدیهاک هەرگیز لە هەڵپەی خۆراک بۆ مارەکانی سەر شانی ناوەستێ، لە ڕاستیا ئەم مارانە بەری گیان و هەستی ئەژدیهاکن کە لە داری گەندەڵی لەشی شین بووە، ئەژدیهاک نەفسی ناپاکی و چەپەڵیە، ئەو بارێکی مەبەستە

و ئێمەش بارێکی تر. ئێمە و ئەو لە شەڕ ناچارین، هەر وەک شەیتان و ئەهورامزدا ناچارن شەڕ بکەن.

-ئاه بڕوانە بابە، ئەم دێیە چۆڵ بووە، هەموو کەسیان ئەسیر کردووە، ئێستا نیشانەیەک لە ژیان وەبەر چاو ناکەوێ، ئەڵێی هەرگیز ئاوایی نەبووە، تەنیا دووکەڵی سووتمان و چەند لاشەی بێ گیان... ئاخ خودایە چەند تاڵە.

هەرچی زۆرو زوڵمی ئەژدیهاک زیاتر بێ، بڕوای ئێمە و خەباتکارەکانمان بەو ئەندازە پتەوتر دەبێ ئەمانەش کە بەهاندان غیرەتیان نەبزووت زوڵم و زۆر ناچارن دەکا ڕابکەن و بێنە لای ئێمە چونکە هەمیشە چاوەڕوانن ڕۆژێک نۆرەی ئەوانیش بێ و بکرێنە خۆراکی ماری سەر شانی ئەژدیهاک، قسەم هەڵ گرە کوڕم. ئەمەش بە سوودی ئێمەیە.

-من شاگردی تۆم، کوڕی تۆم، سەربازی ژێر فەرمانی تۆم، هەر دەستوور و ئامۆژگارێکی بیفەرمووی لام ڕەوایە بابە گیان.

-سپاس کوڕم سپاس، لێم ڕوونە ئێستا کە گەڕاینەوە بۆ چیا هەزارەها کەس ئەندامی تازەمان بۆ هاتووە، فێر کردنی ئەمانە لە سەر تۆیە، دەبێ وەهایان باربهێنی کە بۆ شەڕ ئامادەبن.

-بە سەرچاو گەورەم.

-سوار بە کوڕم با بگەڕێنیەوە سواربە.
***

-کارێکت بە من هەبوو قوربان؟

-بەڵێ ڕامهۆ بەڵێ، ئەزانی کە تا ئێستا هەزار کەسم لە مەرگ ڕزگار کردوەو ناردوومنە لای کاوە، و ئێستاش لە کۆڕی شۆڕشدان.

-بەڵێ قوربان ئاگام لێیە، ئێوە لەو دوو کەسانە کە هەموو ڕۆژێ دەبێ بکوژرێن وشکیان بدرێتە دەرخواردی مارەکان. یەکێکیانت ئازاد کردووە و لە جێگای ئەو حەیوانێکی دیکەت سەربڕیوە و مێشکیت ئاوێتەی مێشکی ئادەمیزادەکەی تر کردووە، ئەمە خزمەتێکی گەورەیە کە تۆ بە ڕۆڵەکانی چیات کردووە، دڵنیام کە ئەهورامزدا تاوانی پێشووی ئێوەی بەخشیوە.

-بەڵێ من دەمەوێ خزمەتێکی تریش بکەم. ئەمە ئاخرین یارمەتی منە بە شۆرش.

-مەبەستتان لە ئاخرین یارمەتی چییە قوربان؟

-خۆت دەزانی کە تا ئێستا دە کوڕی کاوە سەر بڕاون و بوونەتە قوربانی و خۆراکی ئەو مارانە.

-بەڵێ دەزانم.

-ئێستاش فەراز گیراوە.

-ئاه... بەڵێ بەڵێ.

-ماوەیەکی لەمەوپێش بە چەند سەد کەس گەمارۆیان دا و گرتیان، من چاوم لە شەڕی پاڵەوانانەی بوو، لە بەر کۆشکی

ئەژدیهاکدا شەڕیان دەکرد، بەداخەوە من هیچ کارێکم بۆی لە دەست نەهات، ئەمڕۆ نۆرەی ئەوە، نۆرەی ئەوە کە سەری ببڕن.

-ئاه- بەڵێ.

-من پێم حەیفە کە لاوێکی وەها بەکار لە نێو بچێ، ئەمەوێ ڕزگاری کەم.

-چۆن ئەتەوێ ڕزگاری کەی؟ فەراز کەسێک نییە کە نەناسرێ، وەک من بیستوومە ئەمڕۆ لە کۆشکا بەم بۆنەوە جێژنێک ئەگیرێ ئەژدیهاک دەستووری داوە فەراز بەرنە لای خۆی و لەبەر چاوی خۆیەوە سەری ببڕن، بەم حاڵەوە باوەڕناکەم.

-ئەو پەڕی ئەمەیە کە گیانم لە سەر ئەم کارە دابنێم، من وەزیری ئەژدیهاکم، ئەتوانم بچمە زیندان و فەراز بێنمە دەرەوە، و بڵێم کە دیبەمە لای ئەژدیهاک و پاشان خۆم دەزانم چی لێ بکەم، بەڵام لەبەر ئەمە تۆم بانگ کرد کە یارمەتیم بدەی.

-من ئامادەم بەڵام خۆتان بفەرموون دەبێ چبکەم؟

-کاتێ فەرازم هێنایە دەر ئەیدەمە دەست تۆ جا دەبێ هەر جۆرێک بێ لە کۆشک بیبەیتە دەرێ ئەسپێکی بۆ ئامادەکەی و سوار بێ و لە هەرێمی مەترسی دوورکەوێتەوە، تکایە سڵاوی گەرمی منیش بە کاوە بگەینە.

-بەسەرچاو قوربان بەسەرچاو.

-خوات لەگەڵ ڕامهۆ، خوات لەگەڵ بۆ هەمیشە، باوەڕناکەم چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە ڕامهۆ.

-ئەهورامەزدا پشت و پەنات بێ وەزیری مەزن.

***

-سپاس زیندانەوان دەرگای زیندانەکە بکەوە. ئەمەوێ فەراز بەمە لای ئەژدیهاک. ئاخر ئەمڕۆ نۆرەی ئەوە.

-بەسەرچاو گەورەم...

-ها... شێری چیا، حاڵت چۆنە؟

-تۆی ئارشام؟ بۆچ بەتەوسەوە قسەم لەگەڵ دەکەی؟

-تۆ خەیانەتکاری تۆ چەپەڵی، دژی شایەتی ئەژدیهاک هەستاوی، ئەتەوێ شاهەنشایی ئێران زیندوو کە یەوە ها...؟ ئەمانە بەس نین بۆ ئەمە کە ڕقم لێت بێ؟

-یانی چی؟ تۆ زۆر گۆڕاوی وەزیر مەگەر.

-بێ دەنگ بە، بێ دەنگ بە نەفام... من نۆکەری ئەژدیهاکم. ئێستاش هاتووم بتبەم بۆ لای ئەو ئەمڕۆ نۆرەی تۆیە کە

بمری.

-وا دیاره من و کاردۆ بە هەڵە چووین، بریا لێدەگەڕاین هەر لەوێ دەتی کوشت، تف لە تۆ خانی وڵات فرۆش.

-ئاگات لێیە زیندانەوان، ئاگات لێیە چی دەڵێ خێراکە لاقی بکەوە یاڵڵا، لاقی لە بەند ڕزگارکە ئەمەوێ کاتێ بەرەو مەرگ دەڕوا ببیینم بزانم لە ترسانە لە پێ ناکەوێ... یاڵڵا زووکە

-بەڵێ قوربان بەسەرچاو.
***

## بەشی پێنج

-ماوەیەکە منیان هێناوەتە نێو ئەم هۆدەیە کەس پرسیارم لێ ناکا، چاوم هەمیشە بڕیوەتە دەرگاکە کە کەی دەرگا بکرێتەوە و جەللاد بە بەرگی سوور و شمشێرەکەیەوە کە دڵۆپی خوێنی لێ دەتکێ بێتە ژوورەوە. تیژایی تیغی شمشێرەکەی بکەوێتە سەرەوە ڕەگی گەردنی من. ئاخ خودایە مردن چەندە تاڵە، بەڵام لەوەش تاڵتر ژیانە لەم حاڵەدا... داخوا ئێستا باوکم چدەکا؟ کاردۆ خەریکی چییە؟ ئاخ میترا میترا... ئەی خودای گەورە ئەو کچە جوانە پاش مەرگی من دڵ بە کێ خۆش دەکا؟ ئاخ بڵێم خودا حافیز میترا، خودا حافیز چیاکانی کالیدی.

-سەلام فەراز، ئایا بۆ مردن ئامادەی؟

-ئەڵێی بۆ زەماوەندم بانگ دەکەی، کێ هەیە مردنی پێ خۆش بێ ڕامەۆ!؟ بەڵام مردن باشترە لە دیتنی ڕوڵەتی پیسی ئێوەی کۆشک نشین. ئەم زەلامە کێیە؟ ئەم نیقابە چییە بە ڕووی داداوە؟ من کە ئەبێ هەر بمرم باشترە چاوم بە ڕواڵەتی کوژیاری خۆشم بکەوێ.

-تۆ نابێ لێرە بمری. لە دەرەوەی شار جێگایەکیان بۆ مردنی تۆ دیاری کردووە. ئەم پیاوە لە گەڵتا دێ، بەڵام باشترە تۆش بەرگی سەربازانی ئەژدیهاک لە بەرکەی، بگرە ئەمەش لیباس.

-ها... خەریکن ئەم شۆڕەش دێنە سەر شانم کە بەرگی سەربازانی ئەژدیهاکی چەپەڵ لە بەرکەم.

-زۆر قسان مەکە فەراز کەسێک کە لەسەرەمەرگدایە ئەبێ بیری بەلای ئەهورامزداوە بێ و هێندە زۆر بڵێیی نەکا، دەی خێرا سازبە ئەم نیگابانە دەتباتە ئەو جێگایە کە بۆت لە بەر چاو گیراوە.

-یانی ئەمن دەدەنە دەست ئەم تاقە نیگابانە؟ ناترسن لە ناو ڕێگادا بیکوژم و ڕاکەم.

-نەچی بیری ڕاکردن بکەوێتە سەرت ، ئەم نیگابانە لەوانە نییە بیرت لێ کردۆتەوە، ئەهای سەرباز هەرکەس ویستی ڕابکا بیکوژە تێگەیشتی!؟ دەی جا سازبن بڕۆن

-زۆر چاکە ئەمە ڕۆیشتین...
***

-ها نیگابان تۆ ماوەی سەعاتێکە لەگەڵ منی. لەو ماوەیدا هەتا ئێستا قسەیەکت نەکردووە، نەکا تۆ لاڵ بی؟ یان لە

ترسان زمانت چۆتە بەست؟ ئم هەر قسان ناکەی، ڕەنگە تۆ ناوبانگی منت بیستبێ، نازانی ئەگەر بمەوێ ڕاکەم هەزاری وەک تۆ ناتوانێ پێشم پێ بگرێ، شمشیرم وەک ئاگری ناو پووش و پڵاش ئەیان کاتە خۆڵەمێش، من ئەمەوێ ڕاکەم بزانم تۆ چۆن پێشم پێ دەگری ها...؟ وەڵڵاهی زۆر سەیرە، هەر وەڵام ناداتەوە... با جارێ دابەزین من زۆر شەکەتم لە زیندانی ئەژدیهاک زووخاو دەدەنە دەرخواردی بەندییەکان،... زووخاو دەدەنە دەرخواردی بەندییەکان،... ئاخ بە ماوەی تۆ سەرباز... تۆش دابەزە پشوویەک بدە پاشان دەڕۆین... تەماشای ئەم نیگابانە چەندە بێ ترس لێی خەفت، ڕاستی من بۆ چ ڕانەکەم...؟ ئەمەکەی ژیرییە کە من بە پێی خۆم بچمە بەر دەستی سەر بڕی؟ بەڵام ئەم نیگابانە... با لەمانە کە وەخە بەر نەیە ئەسڵەن...! بێ چارە ئەو لە من شەکەتترە، لە پیاوەتی بەدەرە ڕابکەم و خەبەری نەکەمەوە... ئەگەر ویستی پێشم پێ بگرێ دەیکوژم و بۆ خۆم بۆی دەردەچم...! کەوایە چاک وایە وەخەبەری بێنم! ئەهای کاکە... کاکە هەستە بزانم...؟ تۆ زۆر لە سەر هەست دەخەوی لام وا بوو بەم زووانە وەخەبەر نایەی، بەڵام با نەڵێی فەراز ناپیاوانە خەریک بوو ڕاکا، هاتم خەبەرت کەمەوە و بڵێم دەڕۆم. ئەو کاتە کە ویستت پێشم پێ بگری دەتکوژم... دەی سەرباز دەڵێی چی؟ لێم دەگەڕێی بێ شەڕ بڕۆم ؟ یان شەڕەفی سەربازی ڕێت نادا؟ بڵێ بزانم وەڵامت چییە؟... ها شمشیر دەکێشی ... ها... ها تێگەیشتم... شمشیرەکەت هەڵ کێشا ئەتەوێ بڵێی ئەگەر بمەوێ بڕۆم بەم شمشیرە لەت و کوتم دەکەی ها... ها... زۆر باشە کە وایە ئامادەبە... کوتوویانە موویەک لە بەرازێک بکەیەوە خۆی شتێکە، تۆش یەکێکی لە سەربازەکانی ئەژدیهاک کوشتنی تۆش خۆی کارێکە... ئامادە بە سەرباز... هاوار دیارە باش شمشیر دەوەشێنی... بەڵام هەر ئێستا کارەکەت تەواو دەکەم... ها بگرە... نەخێر زۆر گیان سەختە... تا ئێستا کەس نەیتوانیوە لە بەرامبەر مندا ڕاوەستێ... نەخێر فایدەی نییە... ئاخ بەزاتی خودای شمشیرەکەی لێ ستاندم پێم خۆشە بە دەستی سەربازێکی پاڵەوان دەکوژرێم، ئێستاکە لووتی شمشیرەکەت وا بەسەر دڵمەوە دەمەوێ تکایەکت لێ بکەم ... پێم خۆشە کوژیاری خۆم ببینم، بەڕاستی تۆ پاڵەوانی ... منم فەراز کاردۆی برات.

-کاردۆ؟ کاردۆ تۆی؟ ها... ها تۆی کاردۆ!؟

-بەڵێ. بەڵێ منم، تۆ ئازاترین ڕۆڵەی چیایی لەم ماوەیەدا بۆم دەرکەوت مردن لای تۆ گاڵتەیە، تۆ لەهیچ شتێ ناترسی فەراز.

-منیش بۆم دەرکەوت کەتۆ دیسانیش هەر وەکو کاتی منداڵی لەمن بەهێزتر و پاڵەوانتری بەڵام بەگیانی تۆ کاکە زۆر شەکەتم، کەمێک سواری سەرشانی خۆتم ناکەی.

-ها... ها... بۆ چ براکەم، بەڵام با بچینەوە چیا، ئەو کاتە هەرچەند دەتەوێ سواری شانم بە.

-ڕاستی کاردۆ، میترا حاڵی چۆنە؟

-بۆ زیاد لە هەموو کەس پرسیاری میترا دەکەی؟

-ئەی دەتەوێ حاڵی شێری پیری چیا بپرسم؟ لێم ڕوونە کە پەژارە ڕوو ناکاتە کاوەی نەبەز.

بۆنی چیا بەرەولووتم دێ، بۆنی بەهار، بۆنی نەورۆز... بابڕۆین دەی...

***

-وەڵامت چییە ئاشام، تۆ چوویە زیندان فەرازت هێنا کە بیهێنی بۆلای من پاشان فەرازت ڕاپەڕاندووە، ڕێگای هەڵاتنت نیشان داوە ئایا ئەمانە ڕاستن؟

-بەڵێ ڕاستن بەڵێ. هەموو ئەمانە ڕاستن من ئیتر لە خوێن ڕشتن وەڕەز بووم. چیدی ناتوانم هاوکاری کارە چەپەڵەکانت بکەم.

-ئاگات لێیە چی دەڵێی وەزیر؟

-بەڵێ باش دەزانم، منی تاوانکار ماوەیەکی زۆر یارمەتی تۆم دەدا. خەڵکم دەکوشت، پیلانم دەکێشا بەڵام ئیتر بەسە، ئەمەش بزانە کە تۆ، تۆ بەم زووانە وەکو سەگ دەکوژرێی، کۆشکت خاپوور دەکرێ

-هەر ئێستا دەستوور دەدەم لەباتی فەراز تۆ بکوژن مێشکت دەکەمە خۆراکی مارەکان، بەڵام ئەم مارانە مێشکی لاویان پێ خۆشترە، بڕوا ناکەم مێشکی کۆن و ڕزیوی تۆیان بوێ.

-مەترسە ئەژدیهاک مەترسە، مارەکان مێشکی حەیوانیش دەخۆن، تا ئێستا هەر مێشکی حەیوانێک و ئادەمیزادێکیان خواردووە. یانی ئەمە کاری من بووە هەموو ئەو کەسانەی کە ئەبوو مێشکیان دەرخواردی ئەو مارانە بدرێ لە هەر دووانیان یەکێکیانم ئازاد کردووە، ئێستاش لە کۆڕی شۆڕشدان تێگەیشتی، هەر ئەمانەشن کە کۆشکی تۆ دەڕووخێنن.

-جەللاد...؟ جەللا؟

-بەڵێ قوربان

-وەرە لە گەردنی دە بێدەنگی کە.

-بۆ من مەرگ ڕزگارییە، ئازاد بوونە لە کاتێکا دەمرم کە دڵم پڕە لە یادی ئەهورامەزدا، و هیوام بەدوارۆژی شۆڕشی چیا بەتینە، ئێران ئەبێ سەرکەوێ، وەبێگانە ئەبێ ئەم وڵاتە ئەبێ بەگۆڕستانی.

-بێ دەنگ بە!! بیکوژن.

-بەڵێ بەسەرچاو قوربان... هگ...
***

-کاوەی مەزن، ئاشام پیاوانە مرد. ئەمەش نامەیەکە کە بۆ تۆی نووسیوە و داوای سەرکەوتنی بۆ کردووی و بەمنی گوت ئیتر نابێ لەکۆشکی ئەژدیهاکا بژیم.

منیش هاتمە ئێرە خزمەتت.

بەخێر هاتی کچم بەخێر هاتی، مەرگی ئاشام دەری خست کە ئێرانی هەرگیز بۆ ئەبەد بە هەڵە ناچێ و لەسەر خەیانەت ناڕوا. گیانی ئاشام میوانی کۆشکی مینو بێ، تۆش بچۆ لای میترا کچم.

-هـ... ها... بەسەرچاو.

-ئاشام بۆ ڕزگار کردنی من خۆی بەکوشت دا، من هەرگیز ئەم فیداکاریە لەبیر ناچێتەوە، هەمیشە بەناوی پیاوێکی بەرز یادی دەکەم

-ئەمەش شەهیدێکی تر بوو، ئاخ کە چەندەمان شەهید دا بە ئێران، چەندمان دەربەدەری و ڕۆژە ڕەشی چێشت!؟ خوا بکا خوێنی ئاڵی ئەم هەموو شەهیدانە بەزەیی ئەهۆرامەزدامان بۆ هان بدا، دیسانەوە نەورۆز بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەمان. نەورۆزێک کەلەمێژە لێمان تۆراوە.

-فەراز...! فەراز وەرە ئێرە کارم پێتە.

-بڕۆ کوڕم بڕۆ میترا چاوەڕێتە، ئەمڕۆ شەڕی دواییە، بەهاری ئەوساڵ هەر لەئێستاوە دەستی پێ کردووە. باشە ئێستا

تۆ و میترا تەنیا نین، کاردۆ و ڕامهۆ شتان لەگەڵە.

-ئەی بۆ چ باسی خۆت و دایکت ناکەی؟

-ئێمە پیربووین کوڕم، تەنیا کاتێ من ئەبووژێمەوە و دەچمەوە تەمەنی لاوی کە ئەژدیهاک تێک بشکێنم، بێگانە و داگیرکەر لەوڵاتدا نەمێنێ، ئەو کات دەزانی کە باوکی پیرت چۆن وەک گوڵی ژاکاو ئاوی لەژێر کرێ دەبووژێتەوە، دەی... ئیتر مێترا چاوەڕوان مەکە. بڕۆ کوڕم بڕۆ خوات لەگەڵ بێ... فەراز!؟

-بەڵێ بابە.

-لەبیرت نەچێ کە ئەمڕۆ شەڕی دواییە ئەبێ هەموو ئامادەبن.

-بەسەرچاو بابە بەسەرچاو...

-من لەوکاتەوە کاردۆم نەدیوە کە لێتان بپرسم بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەتان چۆن بوو!؟

-ه... ه... ها... باشترە لە خۆی بپرسی.

-دەبێ شتێک هەبێ و من نەیزانم؟ چییە هەمووتان پێئەکەنن!؟ پێم وایە قسەیەکی خۆشە... فەراز بەمنیش ناڵێی!؟

-خوشکو برام تکاتان لێ دەکەم لەلای دەزگیرانەکەم ئابڕووم مەبەن!

-قەیدی نییە گیانەکەم منیش پێم خۆشە بزانم.

-بەخوا بڵێم چی؟ قارەمانی ئەم بەزم و بەسەرهاتە ڕامهۆ و کاردۆ بوون، ئەیان ویست من بترسێنن...ها...ها...ڕاستییەکەی لەترساندنی منیشدا سەریش کەوتن

-گیانەکەم هەر لەئەوەڵەوە بۆم بگێڕەوە.

-حەیف نییە پیاو ئەم هەوا خۆشە و دیمەنە جوان و پاکە بەم قسانە خەسارکا!؟

-ها... ها... نەخێر سوودی نییە، ناچێتە ژێربار، خۆت بیگێڕەوە کاردۆ.

-ها... ها... بەڵێ داستانەکە بەم چەشنە بوو کە ئەمن ڕووبەندێکم ها... ها...

-ئەگەر زیاتر لەسەری بڕۆی سواری سەر شانت دەبم، خۆت دەزانی کە لە منداڵییەوە بەم کارە فێرم باشە خۆم دەیگێڕمەوە،... وەزیر خوا لێ خۆش بوو هاتە زیندان. زۆر بەتوڕەییەوە قسەی لەگەڵ کردم و لەزیندانی هێنامە دەرەوە و دامیە دەستی ئەم خوشکە ڕامخانە ها...ه... ئەویش پاش ماوەیەک لە هۆدەکە هێنامیە دەرەوە و لەگەڵ خۆی بردمی و دامیە دەستی ئەم کاک کاردۆیە... بەڵام کاردۆ بەرگی سەربازانی ئەژدیهاکی لەبەر کردبوو ڕووشی بەرووبەند داپۆشیبوو.

-دەی جا تۆ بەقسە کردن و ئەندامیرائەوت ناسییەوە!؟

-ئەندامی زۆرکەس هەیە وەکوو هی کاردۆ زەلام، بەقسە کردنیش مەگەر کاک کاردۆ قسەی دەکرد!؟ ماوەیەک بەسواری تێپەڕین ئەسڵەن یەک کەلیمەی لە دەمی دەرنەهات هەرچی پرسیارم دەکرد جوابی نەدەداوە، پاشان لە

شوێنێک دابەزین

-ئەزانم بۆ ئەوە دابەزیبوون کە ڕابکەی؟

-نەخێر نەخێر، شەکەت بووم لە بەینی ڕێدا دابەزین، بەڵێ کاتێ کە دابەزین، من وام زانی کە کاردۆ یا واباشترە کە بڵێم کاکە نیگابان خەوی لێ کەوت و هەستام و چووم خەبەری بکەمەوە.

-نەخێر وانەبوو، بەئەسپایی هاتی بزانی خەوتووم یا نە!؟ ئەگەر خەوتبام ڕابکەی ها!؟

-ها...ها...

-نا... نا... نا میترا باوەڕیان پێ نەکەی ئەم دووانە ئەیانەوێ ئەمڕۆ بەجارێ لەلای تۆ ئابرووم بەرن.

-ئاخر خۆ من نازانم چی بووە!؟ ها... ها...

-بەڵێ چوومە ژوور سەری کاک کاردۆ یان بڵێم سەربازەکەی ئەژدیهاکم خەبەر کردەوە کوتم من دەمەوێ ڕابکەم ئەویش شمشێرەکەی هەڵکێشاو لێمان بوو بە شەڕ ... بەگیانی میترا و بەگیانی هەموومان پاش ماوەکەی بەخۆم دەیگێرمەوە، وە نەئیزنیش دەدەم کە کاک کاردۆ بیگێڕێتەوە ها. ها... ها... ها...

-باشە کاردۆ نارەحەتی مەکە بەسە.

-ئەمن قسەیەکم نییە، دەی جا هەستن وا باشە بچینەوە بۆ لای باوکم.

-زۆر چاکە هەستن با بڕۆین
***

-شۆڕشگێرانی بەشەرەفی ئێرانی و کاردۆکی براکانم، ئەمڕۆ هەوەڵ ڕۆژی نەورۆزە، خۆتان دەزانن کە لەمێژە بەهارمان نەدیوە، ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە دەبێ بەگیان و دڵ تێکۆشن وڵات لەم کەمتیار و چەقەڵانە پاک کەینەوە، هەمووتان ڕۆڵەی کوژراو و برا سەربڕاو و ماڵ سووتاون، شەڕتان لەپێشە لەسەر پاراستنی وڵاتە و پاشان بۆ تۆڵەساندنەوەی خۆتان، سەرکەوتن بۆ تێکۆشەرە. ئەژدیهایەکی ترسنۆک وەک ڕێوی لەبەر هێرشی شێرانەتان ڕادەکا، ئەو تەنیا لە کوشتنی بێ دەسەڵات بەکارە، ئیتر بۆ پێشەوە ... بۆ سەربەستی و ئازادی بەرەو نەورۆز...

-براکانم هەر وەکو باوکم دەستووری دا ئێمە لە پەنای ئەم شاخانەدا خۆمان حەشاردەین و نابزوێین، سوارەکانمان هێرش دەکەنە سەر سوپای ئەژدیهاک، سەرۆکایەتی سوارەکانمان بەکاردۆی نەبەزە، پاش هێرش ئەوان دوژمن بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشن. دوژمن لەشار دێتە دەرەوە، ئەمجار ئێمە تیرەبارانیان دەکەین، ئێستا ئیتر ئامادەبن...

-ئێمە هێرش دەکەین بەڵام لەگەڵ سوپای دوژمن تێکەڵ نابین، دەیان کێشین بەرەو چیا با وابزانن کە ئێمە لەبەریان ڕەویوین با بکەونە شوێنمان دەی جا بۆ پێشەوە...

-سەرکەوتن هی ئێمەیە... بیاندەنە بەر تیر بیانکوژن... تیرە بارانیان کەن... ئافەرین.-

-ئافەرین کاردۆ... بژی فەراز وەک گەڵاڕێزان دوژمن لەسەر ئەسپ بەردەنەوە ... دوژمن خەریکە دەشکێ، خەریکە ڕادەکا لەبەر هێرشی پیاوانەمان خۆ ناگرن ... ها... خەریکە ڕادەکەن... لێیاندەن...
***

-ئیتر هەموو شتێک دوایی هات. ئەژدیهاک تێکشکا. ئەورۆز گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەمان. دەستوور بدەن لەهەموو سەر ئاسۆیەک ئاور بکەنەوە، ئاگری گەرمی پیرۆز، نیشانەی سەرکەوتنی ئەهورامزدایە بەسەر ئەهریمەندا منیش دەچم بۆ لای فەریدوون و پیرۆزبایی شایەنی پێ دەڵێم...

***

بەم جۆرە بێگانە وڵاتی ئێرانی لێ بوو بە گۆڕستان. ئێران وەک بەهەشتی جاویدان ڕازایەوە، ئێمە ئێستاش بە یادی ئەو ڕۆژە پیرۆزانە کاتی نەورۆز ئاگر دەکەینەوە. نەورۆزتان پیرۆز...

٠٣/١٩٧٠